# هەناسەی
# پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان

## چنوور سەعیدی





سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان

# بابەت: چیرۆك

#نوسەر: چنور سەعیدی

# تایپ: رایانگار. سنە

# نەخشە سازیو بەرگ: ناوەندی دیزاین (یانەی قەڵەم)

# تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# چاپ: چاپی یەکەم(٢٠٠٦)چاپخانەی یاد

# سەرپەرشتیاری هونەری: ئارام سدیق

# سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی

# ژمارەی سپاردن: ()

لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە(١٧)

***پێشکەشە:***

- ✓ بە تاکە عەشقی ژیانم
- ✓ بەو کەسەی کە چیرۆکی فێر کردم و ژیانی گۆڕیم
- ✓ بەوانەی چیرۆکی منیان پێ خۆشە و خۆشم ئەوێن
- ✓ بە ...





***ناوەڕۆک***


**زیندەوەرەکان مۆمیاییم دەکەن.................................................... ٦**

**کودەتای سێبەرەکان ........................................................ ١٢**

**تەنیا تۆ ماچی دەکەیت ....................................................... ١٨**

**ئێمە خوا و شەیتان ئاشت ئەدەینەوە ................................ ٢٤**

**ژنێك دەزووەکەی پچڕاند ...................................................... ٢٩**

**ئەو کەسەی کە گوڵت بۆ ناهێنێ ............................................ ٣٥**

**شەوێکی پڕ لە ئەسپ ......................................................... ٤١**

**ئیتر ئەو ژنە شاراوە گۆرانی ناڵێت ............................................ ٤٦**

**بە دزییەوە سڵاو .......................................................... ٥٤**

**هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان ............................. ... ٥٩**

**ئێستا نە، بەیانی دەمرم ..................................................... ٦٥**

**گڵۆپە زمان فامەکەی پەریا ............................................... ٦٩**

**با ئەم چیرۆکە تا ئەبەد بێ ناو بێ ........................................... ٧٢**

**تکایە ئەم نەزمە تاڵە بگۆڕە ................................................ ٧٩**

## زیندەوەرەکان مۆمیاییم دەکەن





ئەهاها، دووبارە پیاسە ئەکەن، زیندەوەرەکان لە نێو پرچەکانمدا. هەندێ جار رائەوەستن، رەنگە پرچەکانم دەئالێن بە دەست و پێیاندا. نازانم چلۆن خۆیان دەرباز ئەکەن کە هێواش هێواش لە تەوق سەرمەوە خۆیان بەرەو خوارێ شۆڕ ئەکەنەوە.
دەنگی جووتێ کلاش کە بە سەر خۆ لە پیلکانەکانا دێتە سەر، لە نێو چواردیوارییەکەی حەوشە دەنگ ئەداتەوە. لە گەڵ ئەم دەنگە جمەیەك خۆی ئەخاتە نێو زیندەوەرەکان، سەریان لێ ئەشێوێ و رێگا ون دەکەن. بە تێپەڕینی هەرکام خەتێك لە مێشکمدا ئەکێشرێ کە تەنیا مووچڕك و حەزێکی کەم خایەن لە منا بە جێ ئەهێڵن، وەکوو ئەوەی بتهەوێ لاپەڕەیەکی سپی خێرا خەت خەتی کەیتەوە.
« ـ ئەهای! چی دەکەی لە بەر ئەو ئاوێنە خاون مردووە؟ لە دوێنێوە پانتۆڵەکەمت لە نێو تەشتەکەدا خووساندووە. هێشتا لەوێن؟ ئەی تۆ چی دەکەی لەمماڵە؟! »
دەرکەکە توند دائەخاتەوە. زیندەوەرەکان لە جێی خۆیاندا ئەوەستن و گوێ لێ ئەتەکنن تاکوو دەنگی هەنگاوەکانی دوور ئەبێتەوە.

ژنێکی تۆزاوی لە بەیانییەوە تا ئێستا لە بەرامبەرما دانیشتووە، حەپەساو سەیرم دەکا و لێم ئەپرسێ:

« ـ ئەمانە چ زیندەوەرێکن و لە کوێوە هاتوون؟ »

« ـ نازانم خانم، ماوەیەك بوو هەستم بە بزوتنی جاروباری شتێك دەکرد وەکوو بیهەوێ لەچکەکەم بجوێت و بێتەدەرێ. »

« ـ بیر کەرەوە بزانە سەرەتای ئەم ماوە کەی بوو؟ »

دایکم دەیگوت:

« ـ بڕوانەچ کراسێکی جوانم بۆت هیناوە، ئەوەندە شۆڕە کە باڵ و قاچەکانت باش دائەپۆشێ ئەم کراسە کورتانە فڕێ بدە، ئەبێ ئیدی لام چۆڵ نەکەی و وریا بیت بزانی چی دەکەم بەڵکوو فێر بی. راستی وەرە ئەم لەچکەش بدە سەرتا بزانم چلۆنە. »

هەرکات ئەو لەچکەم بە سەردا ئەکێشا، هەستم بە بزوتنەوەی شتێك لە تۆی قژەکانما ئەکرد. دایکم ئەیگوت: شتێك نییە رەنگە بۆ ئەوە بێ کە تا ئێستا لەچکت بە سەردا نەکێشاوە.

« ژنە تۆزاوییەکە لە ئاوێنەکەوە دەست دێنێ و لەچکەکەم فڕێ ئەدا تارە ناسکەکانی دامەتەنەکان ئەوەندە کێشیان دێت تاکوو لە جێگایەکدا دەپچڕێن.

« ـ بیر کەرەوە بزانە دوایین جار کە قژەکانت داهێشت، کەی بوو؟ »

« ـ بیرم نایە ... رەنگە لەو کاتەوە کە هێشتا کچ بووم، یان لە منداڵییەوە، یان سەد ساڵ لەوە پێش چووزانم ... وە بیرم نایە ... »





ژنە تۆزاوییەکە شانەیەکی دارین لە تەنیشت ئاوێنەکەوە هەڵئەگرێ و ئەیخاتە نێو قژەکانم. دیسان رێگا ون دەکەن و لاپەڕەیەکی سپی خێرا خەت خەتی ئەکەنەوە.

قژەکانم ئەوەندە توند ئاڵاونەتە دەور یەکا، کە ئیدی شانەکە ناتوانێ تا دوایی قژەکانم پیاسە کا. ئەیهێنمە دەرێ، یەکێ لە دەندەکانی چەقاوەتە زگ دامەتەنەیەکی چکۆلە و تارە نەرم و ناسکەکانی ئاڵاونەتە دەور لەشیا. بەڵام هێشتا زیندووە و قاچەکانی دەبزوێتەوە.

« ـ ئێوارە ئەڕۆم دۆستێکم ئەبینم لە سەربازیەوە تا ئێستا هیچ کام ئاگامان لە یەك نەبووە، لە بیرت بێ ... کەوشەکانم داناوە تاکوو سەرخەوێك دەشکێنم ئەبێ بۆیاخ کرابێ. »

لە بەر قژمەوە گیانەوەرێك رەش ئەبینم کە هێور هێور لە تەوێڵمەوە دێتە خوارێ و ئەیەوێ لە نێو چاوانمدا هێلانە بنێ. ناهێڵم سفت چاوەکانم ئەقووچێنم سەیرە، وا دیارە کاریم ساکار کردووە! سەرەتا چاوی راستم.

« ـ ئەمڕۆ نە ماڵت گسك داوە، نە جلەکانت شۆردووە، تەنانەت پێخەفەکەشت هەروا ماوە!» دامەتەنەیەك بە قاچەکانی پشت گوێم ختکێ ئەدا من دەست هەڵدێنم پشت گوێم بخورێنم، نایخورێنم رەنگە وابزانی ئەمەوێ داوەکانی بڕووخێنم دەترسم چزەم لێ بێنێ.

« ـ نا دامەتەنەکان خاوەنی خۆیان ئەناسن بۆیە لە ماڵە کۆنەکاندا لە گەڵ یەکا ئەژین و کاریان بە سەر یەکەوە نییە. »

« ـ من نازانم لە بەیانییەوە کە هەستاوی چیت کردووە؟ من برسیمە خانم، وەرە خێرا نان و چایەکم بۆ بێنە.»

یەکێکیان لە ژێر چناکەمەوە دەرئەکەوێ لە لێوەکانم تێپەڕ ئەبێ و بێ ئەوە دەرفەت بدا باش ببینم لە کونەکانی لووتمدا، ئەم کونە چکۆلە و گەرم و تاریکانە داو ئەنێ، دەبێ بە دەم نەفس بکێشم.

« ـ لە کوێیت بێ خاوەن؟ بۆ ولاٚم نادەیتەوە، کراسەکەم، گۆرواکانم لە کوێن؟ زۆر سەیرە، ئەمڕۆ هیچ شتێ لە جێگای خۆیدا نییە.»

«ـ ئەم دامەتەنانە بۆ ئەمڕۆ هێرشیان هێناوە؟ تۆ کە ئەڵێیت ماوەیەك بوو دەتزانی کە ئەژین، بەلاٚم هێشتا چێشتت دائەکرد، ماڵت گسك ئەدا و جل و بەرگت ئەشۆرد.»

سەرم شاری دامەتەنەیە، قورس بووە. ئێدی مووچرك نامگرێ و لاپەڕە سپییەکە ئەوەندە خەتی خواردووە کە جێگای خاڵێکیشی تێدا نابێتەوە.

سەرم رائەوەشێنم، پرچەکانم وەها بەستراونەتەوە کە ئیدی ناتوانن شێتانە خۆیان بڕژێنە سەر شان و ملمدا.

ئەمزانی رۆژێك هێرش دێنن و قەت نەدەترسام کە لە توێی قژەکانما دەژین. ترسی من لەوە بوو رۆژێك هێرش بێنن و ئیدی نەتوانم ئەم دەنگە کە پەیتا پەیتا فەرمان ئەدا ببیسم، چی ئەم دەنگە دێت ئەمانە زۆرتر ئەمبەستنەوە.

« ـ شێتە لە گەڵ تۆمە گوڕی ئەو کەسە تۆی ناردە ماڵم! بۆ ولاٚم نادەیتەوە... بێشك ئەم ژنە عەقڵی لە سەر خۆی نییە.»

لە ئاوێنەکەوە کومێدەکان، پەیکەرەی کۆترەکان، شووشەی پەنجەرەکان، گوڵدانەکان هەموویان تۆزاوین.

«ـ وەکوو ئەمەیە ئەم ماڵە ساڵەهایە رەنگی ژنی بە خۆی نەدیوە.»





گوێم کپ ئەبێتەوە، دامەتەنەیەکی زل گوێمی داپۆشیوە. دەنگی پیاوێك لە دوورەوە دێ، وەکوو هۆرەیەك کە با بیهێنێ.

« ـ شێتە ئەم ئاوێنە خاوەن مردووە... بیشکێنم... »

ئەمەوێ بە ژنە تۆزاوییەکە بڵێم:

«بە دامەتەنەکان بڵێ دەستەکانم نەبەسنەوە...هێشتا کارەکانم هەروا ماوە ...»

دامەتەنەیەکی چکۆلە خێرا لە چەناکەمدا دەر ئەکەوێ و لێوەکانم ئەدروێتەوە. چاوی دیکەم دامەتەنەیەکی رەش دائیەپۆشنێ، یەکێك دەستەکانم ئەبەسێتەوە بە یەکا، تەنانەت لە توێی ئەنگوستەکانم داو ئەنێ.

هەڵئەستم، دوو هەنگاو ئەنێم هەندێکیان لە توێی قژەکانما شۆڕ ئەبنەوە و خێرا پێیەکانیشم ئەبەستنەوە.

ئێستا هیچ نابیسم و نابینم. خەریکن مۆمیاییم ئەکەن. لە سەرمەوە دەست پێئەکەن خەریکم ئەخنکێم تەنانەت جل و بەرگەکەشم ئەجوێن.

پیاوێك شەپلاٚخەیەکی توندم لێئەدا، ئەکەومە سەر ئاوێنەکە، ژنێك تۆزاوی و مۆمیایی لە پەلەکانی ئاوێنەکە بلاٚو ئەبێتەوە. وردە شووشەکان هەندێ لە تارەکان ئەچڕن بەلاٚم ئەوەندە زۆرن کە من هێشتا مۆمیایی ئەمێنم.

گولاٚنی ١٣٨١

## کودەتای سێبەرەکان





هێشتا خەو ئەبینم و تەلەفوونەکەش ئەزرینگێتەوە. ئالأومەتە نێو مەلافەکەوە و چاوەکانم ناکرێتەوە، ئاخۆ کاتژمێر چەند بێ؟ ئەزرنگێتەوە و لەشم هەڵناسێ. دەست ئەکوتمە سەرمێزەکەوە: « ـ تۆ خاوەنی ئەو دوو سێبەرە وێڵەیت کەس جگە لەتۆ ناتوانێ بەرپرسی گوناحەکانی ئەو بێت.»

کە ئەڵێت «گوناح»، دڵم دائەخورپێ وەکوو ئەوەیە خەتێکی سوور پڕ ڕەنگ بکێشێتە ژێر گوناحەکەمەوە.

«لەم شارە تەنیا تۆ دوو سێبەرت هەبوو. سێبەری خەڵك، چی خاوەنەکانیان ئەیانکرد دووپاتیان ئەکردەوە بەلأم تۆش خودا هەڵناگرێ، سێبەری یەکەمت باش بوو، بەلأم سێبەری دووهەم ...، گوناح لە تۆیە.»

هێشتا خەو ئەبینم یان راستە؟ هەموو ئەم قسانەم لە بەرە و هەموو شەوێکیش خەوی پێوە ئەبینم، ڕەنگە ئێستاش خەو ئەبینم.

« ـ بۆ هیچ ناڵێیت؟ هەڵبەت ئیتر بێهوودەیە بڵێیت تۆ کامە لەو سێبەرانە بوویت؟»

«ـ ئە ... ئەبێ بزانم چی قەوماوە؟!»

دەنگی خۆم ناناسم وائەزانم کەسێك لە ژێر لێفەکەمەوە ئەم پرسیارە ئەکات. بە تەشەرەوە ئەڵێ: «چی قەوماوە؟ نیوە شەو هەموو سێبەرەکانی ئەم شارە هەڵاتوون، وەرە دەرێ بزانە خەڵك چلۆن سەریان لێشێواوە! تەنانەت سێبەرەکەی خۆشم لە گەڵیانا چووە!»

سێبەرێکی ریشن دێتەوە بیرم و پێئەکەنم. نا خەو نابینم.

« ـ ئێمە ماوەیەکە ئەزانین ئەو ئامۆژگاری سێبەرەکانی دیکە ئەکات.»

« ـ رەنگە هەمووی ئەو سێبەرانەش گوێڕاگری قسەی خاوەنەکانیان ئەبووبێتن. دنیا پڕە لە سێبەری یاغی ئاغا.»

دەنگی بەرز ئەکاتەوە نا هاوار ئەکا، ئەبیسم مست ئەکوتێتە سەر مێزەکەوە دەزانم پەتی تەزبێحەکەی خستووەتە دەوری ئەنگوستەکانی وەکوو بیهەوێ بیانقرتێنێ. ئەکەومە بیری ئەوکاتە وا ئەمگوت:

« ـ ژیانی سێبەرەکان پێوەندی بە خاوەنەکانیانەوە نییە» و ئەو گڕی تێ ئەچوو.

« ـ بەڵام ئەو سێبەرانە بە رابەری سێبەرەکەی تۆوە یاخی ئەبوون، گەر یاخیش ببوایەن ئێوارەی هەر ئەو رۆژە ئەگەڕانەوە. تۆ بڕیارت دابوو بیبەسیتەوە، دوێنێ دواین بڕیارت دا.»

ماتڵە شتێك بڵێم، ئیتر پاسای ناکرێت. راستە، گوتبووم گەر ئەم جارەش چاوم لە سێبەرەکانم، نا، یەکێ لەو سێبەرانەم نەبێت جێگام زیندانە.





جێگای خاڵی دوو سێبەر لای پێخەفەکەمەوە ئەبینم. دوێشەو تا ئەو کاتە خەو بمباتەوە ورەیان ئەهات، چیان ئەگوت؟

« ـ گوناح لە تۆیە، ئەتتوانی هەڕەشەت لێ کردایە، ئامۆژگاریت کردایە.»

چییان ئەگوت خودایە؟

« ـ نازانی چەند خۆشە رۆیشتن بۆ ئاسمان و خەوتن لە ماڵی شێتەکان، هیلانەی پەپوولەکان.»

سێبەری بێدەنگم گوتبووی:

« ـ تۆ خودا ئەوە بەراستە؟ منیش ئەبەی لە گەڵ خۆتا؟»

کە گوتبووی: « ـ نا تۆ سێبەرێکی راستەقینەیت» پێکەنیبووم بەڵام گرنگیم پێ نەدابوو. دێتەوە بیرم سێبەرە بێدەنگەکەم پاڕابووەوە:

« ـ پێم خۆشە لە گەڵتا بێم، من بێزارم لە بێدەنگی، تکرار»

هاوار ئەکات و دائەچڵەکێم

« ـ تۆ هەرکام لەو سێبەرانە بیت، گرنگ نییە ماتڵمان مەکە و خێرا وەرە.»

گۆشییەکە توند دائەنێ. هێشتا تەزی پشتم لە دانیشتنی بەیانی تا ئێوارەی دوێنێ لەو ژوورە چکۆلە و بێ پەنجەرە دەرنەچووە. ئێستاش دووبارە ئەو کورسییە ئاسنینە ئەو ژوورە چکۆلەیە، ئەو ریشە رەشانە، ئەو پەرداخە ئاوە گەرمە... حەز ئەکەم بڕشێمەوە. چاوم دەکەوێتە لاپەڕەیەك بەو دێڕە رەش و گەورانە و لە دواییدا مۆرێکی پڕ رەنگ وەکوو پەنجەی پەنجە شێر.

یەك:

بڵێند بڵێند لە شەقامەکاندا پێ ناکەنێ.

دوو:

جنێو بە خەڵك و پۆلیس و سێبەرەکانیان نادات.

سێ:

بڵێند بڵێند قسە ناکا، ناگرییێ، تووشی سەرسوڕمان نابێ و بۆو جێگانە ناڕوات وا بۆ سێبەرێك قەدەغەیە.

چۆك دائەدەم و وێنەی سێ کەسیمان لە سەر عەرزەوە هەڵئەگرم.

من لە نێوانی هەر دووکیاندام یەکێك چاوی بڕیوەتە نێو چاوانم و ئەوی دی سەیری جێگایەکی دیکە ئەکات.

چەند منداڵ بوون خودا. ئەو کاتە وا هەمیشە شەڕیان هەبوو، ئەو قژی سێبەرە چکۆلەکانی ئەکێشا و تفی لێیان ئەکرد، جێی نەئەهێشتم بەڵام لە گەڵ منیشدا نەبوو کە گەورە بوو هێور هێور کاڵ ببوەوە، ئەوەندە کە بڕێ جار کەس بە باشی نەیئەبینی. خەڵك لە دیتنی جگەرەیەکی داگیرساو کە لە شەقام و چوار ڕێیەکاندا پیاسەی ئەکرد و کەسێکی نادیار مژی لێ ئەدا، هەراسان بوون.

چوارەم چی بوو؟

گرنگتر لە هەموو شتێك، ئامۆژگاری سێبەرەکانی دیکە ناکات، بە تایبەت ئەو سێبەرە بێدەنگەم، هەموو جارێکیش دووپاتم ئەکاتەوە، گەر وا نەبێ قانوون حەقیەتی من بە تاوانبار بزانێ.

چەند جار هەڵاتبوو؟ چەند جار کەلەبچەیان کردبوو؟ من لاپەڕەیەکم ئیمزا کردبوو ئەو دووبارە هەڵاتبوو؟ دەم و چاو ئەشۆم و نایەتەوە بیرم. ئیتر چییان گوتبوو؟





« ـ ئەو گەر ئێمەی بوێت بە شوێنمانا دێت.»

خۆزگە بڕوام بەو چپانە کردایە کەچی ماندوو بووم، وامئەزانی هەمووی خەڵك لە نێو مێشکمدا شەڕ و هەرایانە، هێندە حەبم خواردبوو کە سڕ بووم.

دەستەی کلێڵەکە لە بەر ئاوێنەکەوە هەڵئەگرم، مرۆڤێکی زەنەقتۆقیو لێم ئەپرسێ: « ـ تۆ کامە لەو سێبەرانەیت؟»

ئەڵێم: « ـ ئەبێ سەرەتای ئەم شەقامە بگرمە بەر تا کوو بگەمە ئەو ژوورە بێ پەنجەرە.»

لەبەر دەرگا کەسێکی نادیار جگەرە ئەکێشێ، بێدەنگ ئەکەومە شوێنی جگەرەیەکی داگیرساو، ئەڕواتە نێو کۆڵانێك، منیش ئەڕۆم، ئەوەستێ، ئەوەستم.

گوتبووی جێگایەکی باش بۆ ژیانی سێبەرەکان. خەوم لێ کەوتبوو.

بەهاری ١٣٨٣

## تەنیا تۆ ماچی دەکەیت





منداڵی ئەو کوڕە ئێمەی بە قەد تەواوی مێژوو پیر کرد، هەموو لاویەتی من و تۆ لە تاوان دانەوەی ئەو لووت و دەست و سەرە شکاوانەی منداڵانی گەڕەك بە فیرۆ چوو، تا هەنووکەش ئاواتی هەبوونی منداڵێکی ژیر و گوێ رایەڵم هەیە.

لە بیرت دێت؟ هەمیشە پێ خۆش بوو لە ناوەندی یارییەکانا بێت وەکوو سەرپەلی شەڕەکان، پاشای وڵاتان هەمیشەش جوانترین کچی گەڕەکی هەڵئەبژارد و ئەیکرد بە ژنی خۆی.»

« ـ گوێ مەگرە گوڵم بابە تۆزێك نەخۆشە.»

« ـ هەو! من لە نەخۆشیش تێپەڕیوم، ماوەیەکە مردووم، ئەو کاتە مردم وا ...»

« ـ پیاوەکە بڕوا دەکەی  ئەمە کوڕە هارەکەی خۆمان بێت؟ دایە بە ساقەت بێ هەمیشە لە پشتی شووشەی تەلەفزوێنەکەوە ئەمانبینی و ئەگریاین، راستی چەند ساڵە نەمانبینیوە؟»

« ـ لەو کاتەوە کە شەق و شەپلاخەیەکی توندی لێداین و دەری کردین، چوونکە هەر خەریکی ژماردن بووین، ژماردنی ئەو کەسانە وا ... »

« ـ دە بەس کە تۆ خودا دەنگت ببڕێ بڕوا ناکەم نا، چۆن ئەبێ کوڕە خوێن شیرینەکەمان هێندە دڵ رەق بێ؟ ها؟»

« ـ بەس تۆ بڕوا ناکەیت سەیرە هەمووی دنیا تفی لێ ئەکەن و تۆ ماچی ئەکەیت ئەو بە ئێمەش رەحمی نەکرد ژنەکە هێشتا حاشا ئەکەیت؟! کوڕە گیان هەموو ژیانی ئێمە گریان و گێڕاندنەوەی ئەو خەونانە بوو وا دایکت پێتەوە ئەیبینی ئینجا سەیری تەلەفزوێن و ژماردنی بووکەڵەکانت و ئەو قژانە وا دەنك دەنك سپی ئەبوون، سەیر کە ئێستاش ئەگرێ!»

« ـ ئەرێ باوانەکەم دوایین شەو تەنیا جەستەیەکی بێ سەر بوویت و بە شوێن سەرتا ئەگەڕایت، ئاخ یاخوا کوێر بم، ئەوەندە لە شێخ و مەلاکان پاڕامەوە تاکوو راچڵەکام.»

« ـ دەی ئەمەش بڵێ کە بەیانی هەر ئەو شەوە ...»

« ـ دایکت بمرێ!»

« ـ لە بیرم نایە داکەوتنی ئەو سەرە قورسە چەند کەسی بریندار کرد، ئەمە بەدی هاتنی هەموو خەونەکانی چڵ ساڵەی دایکت بوو تەواو.»

« ـ بڕوانە گوڵە گیان ئەمە سەگە چیلچیلەکەیە وا شەوانە تاکوو لە ئامێزت نەگرتبایە خەوت لێنائەکەوت. ئەمە ورچە کۆنەکەیە، سەیر کە چاوجوانەکەی دایە لە بیرت دێ شیرینییەکانی نێو جانتاکەی بابەی ئەخوارد، تۆ یان ئەو؟ بڕێ جار ئەوەندە قورس و قایم حاشات ئەکرد کە بەراستی وامئەزانی گیانی تیایە.»





« ـ هەر ئەو کاتەش دیکتاتۆرێکی بچووك و درۆزن بوو، پێم وایە نەوازشتەکانی تۆ ئەم کوڕەی هار کرد، ئەو درۆ بچکۆلانەی ئەوەندە گەورە کردەوە تاکوو جیهانێکی گرتە خۆی.»

« ـ نەوازشتەکانی من یا ئەو وێنە ترسناکە؟ لەعنەتی! »

« ـ ژنەکە گەر ئەو وێنە نەبووایە هەرگیز دەستی لە داوێنەکەت بەر نەئەدا.

ئەو کوڕە دڵ هیچێکی نەبوو.

لە خشەیەکی بچووك، شەقەی باڵی کوترێك، تەنانەت سێبەرەکەی خۆشی ئەترسا. پێم وابوو بەو وێنە دڵی قورس ئەبێ، پێم خۆش نەبوو ترسنۆك بێ، ئەو پیاو بوو پیاو!»

« ـ نازانم منداڵێك کە تازە پێ ئەگرێ، چی لە پیاوەتی و ژنیەتی ئەزانێ؟

ترس لەو وێنە لە هەموو خەون و خەیاڵێکیا رەنگی دایەوە، شەوانە ئەوەندە بەرز ئەیزریکاند و لە خەو رائەچڵەکا، دۆعای هیچ شێخ و مەلایەك هێمنی نەئەکردەوە، جا دروست لە سەر دەرگای ئاودەستخانەکەوە لەعنەتی؟ زاتمان نەبوو هیچ بڵێین، لە ترسی ئەو وێنە ئەوەندە زوو ئەهاتە دەرێ هەمیشە بۆنی گەنی پانتۆڵەکەی ... داخت سەوزە لەعنەتی.

ئەم بووکەڵەش نێوی چی بوو کوڕم؟ تۆ هەرگیز حەزت لە بووکەڵە نەئەکرد بەڵام...»

« ـ بەڵام پێت خۆش بوو هەموو شتێکی ئەم دونیایەت هەبێت، وامئەزانی منداڵی بۆیە حەز لە بووکەڵە ئەکەیت. ساڵەهایە بیر لەوە

دەکەمەوە کە بووکەڵە جەستەیەکی بێگیانە نە هاری، نە هەڕەشە ... هیچ ناناسێت ئەمە رۆحی ساوای دیکتاتۆری تۆی تێر ئەکرد.»

« ـ دە بەستە ئیتر تۆ خودا، تو غەوس، دەستی لێ هەڵگرە لە دوایی ساڵەهاوە تازە دۆزیومانەتەوە هەر ئەوەندەشی کە دەستمان کەوتووە دونیایەکە، کوڕی دایە ناتوانێ دیکتاتۆر بێ. ئەو ساڵە وا پشیلە سەیرە و قەنارییەکانی خواردبوو لە بیرت دێ؟ کەچی ئەو پشیلەشی بە دەست کەوت بەڵام هیچی لێنەکرد، ئەو کە دوژمنی هەموو پەلەوەر و زیندەوەرێك بوو، چەند گریا و خۆی کوشت تاکوو نەخۆش کەوت، من و تۆ چەند لە شێخ و مەلاکان پاڕاینەوە تاکوو پێمانیان داوە کەچی هیچ منداڵێکیان پێمان نەداوە.»

« ـ بڕێ جار بە خۆمەوە ئەڵێم گەر شێخ و مەلاکان پێمانیان نەئەداوا ، جیهان چەندە ئاسوودە ئەبوو... با، کوڕی دایە ئەتوانێ دیکتاتۆر بێ بەڵام دایە حەز ناکا بیر لەو ساڵە بکاتەوە وا دەربەدەری کردین، تەمەنی چەند بوو ژنەکە؟ پێم وایە مێرمنداڵ بوو، لە ترسی خوێنی ئەو کوڕەی کاك نامێق، لە سەر چی بوو؟ دە بڵێ خەتای ئەو وێنە بوو!»

« ـ قسەی لێ مەگرە گوڵم بابە هەمیشە قسە رەق بووە، بەڵام دڵێکی میهرەبانی هەیە، بڕوانە چاوەکانی نەگۆڕاون، بە ساقەی بم ئەو چاوە راستەشی وا تۆزێك خێل بوو، چەندە لە سەر ئەو چاوەی شەڕی ئەکرد هەهەهە...»

« ـ سسس ... گوێ بگرە تەلەفزۆێن خەریکە لە ونبوونی سەری دیکتاتۆری پێشوو قسە ئەکات.»

« ـ راستی تۆ لە بیرت دێ چاوەکانی چ رەنگ بوون؟»





« ـ گوێت لێیە؟ رەنگە هەموو ماڵی ئەم شارە بە شوێنی ئەو سەرە بگەڕێن.»

« ـ سەیر کە هێشتا جێگەی ئەو برینەی منداڵی لە سەر تەوێڵیەوە ماوە. دایکت بمرێ!»

« ـ ئاە! بە دەست خەیاڵاویی بوونی تۆوە مەگەر لە قەبرا رزگار بم، ژنەکە ئەو کوڕە خۆی خنکاندووە نەماوە تەواو. کارێ مەکە لەم دوایین ساڵانەی ژیانمانەوە بمانناسن، من تاقەتی جەزرەبە و ئازار و مەرگم نییە.»

« ـ یا خوا کوێر بم کە دایانخستووە گوێچکەیەکی شکاوە!»

« ـ هووووووە! سەیر کە هەمووی جیهان هەڵپەڕکێیە، پیرەمێردەکان بڕوا ناکەن، بڕوانە بە ترسەوە هەڵئەپەڕن، دەترسن ئەو سەرە ونبووە گیان بگرێتەوە و ئەم جارە گۆڕێك بە قەدەر دونیا ساز کات. وەرە ژنەکە با بیدەینەوە.»

« ـ ئاخر بۆ عەقڵت نەماوە پیاوەکە؟ بڕۆین بڵێین ئێمە نیوەشەوی ئەو رۆژە وا پەتیان لە ملی پەیکەرەی کوڕەکەمان خست، چووین و سەریمان دزی، جا فەرموون ئەمەش ئەو و سەری خۆمان؟!»

« ـ راستە واناکرێ. ئینجا ئێمەش وەکوو ژنان و منداڵانی لەت لەت دەکەنەوە و هەر لەتێکمان بەرەو وڵاتێك ئەنێرن و خەڵکی ئەو وڵاتانەش لەتەکانمان ئەوەندە لەت ئەکەنەوە تاکوو ئیدی هیچمان لێ نامێنێتەوە.»

« ـ دەتوانین لە ژێرزەویندا دایشارین. ها ... پیاوەکە...!»

« ـ وەکوو ئەو کاتە وا هارییەکانیت ئەشاردەوە؟!»

« ـ وەکوو ئەو کاتە وا لە سەر شووشەی دراوسێکان لەو ژێرزەوینە پڕ لە ترسە زیندانیت ئەکرد. نەکوا ئێستاش بترسێت. ئیتر مەحکووم کردنی یەکتر بێهوودەیە، ئەبێ بیرێك بۆ ئەم سەرە بکەینەوە. هەوا ساردە، ئەبێ جلێکی گەرمی بۆ بچنێم. ... لە دوای ساڵەهاوە؟ نەکوا ئەمەش خەونێك بێت. »

زستانی ١٣٨٣





## ئێمە خوا و شەیتان ئاشت ئەدەینەوە

« ـ من ئەڵێم دوبارە هاری کردووە و دایکیشی زیندانی کردووە. یان تۆ بڵێیت خەوتبێت و لە بیری نەمابێ؟»

« ـ چی بکەین نوونوو؟ ئێستا ئەم هەموو چێشتە ئەبێ چی لێ بکەین؟ گەر خۆمان بیخۆین تا ساڵێکی دیکەش تەواو نابێ و ئەمرین!»

«ـ دەتوانین بەشێکی دانین بۆ منداڵەکانمان، یان بۆ پشیلەکان، چۆلەکەکان...»

« ـ خۆزگە بمانتوانیبای بە جێگای ئەو خوامان میوانی کردایێ. »

« ـ نا وا مەڵێ، گوناحە، لێمان توورە ئەبێ، ئەمانخاتە جەحانم، چونکا، چونکا ئەو زۆر زۆر گەورەیە، لە ئێرا جێگای نابێتەوە، ئەزانیت تەنیا سەروێنەکەی تەواوی ئاسمان داگیر ئەکا، هەر چاوێکی بە قەد کێوێکە، بۆیە هەموو شتێك ئەبینێ.

گۆچانەکەشی وەکوو، وەکوو چنارەکەی حەوش ماڵ باپیرم بەرز و قەڵەوە، من هەر کات درۆ ئەکەم وائەزانم ئێستایە گۆچانەکەی بداتە





مل سەرم و بمکوژێت، یان کوێرم کات، من لە گۆچانەکەی زۆر ئەترسم.»

« ـ نا نوونوو رەنگە ئەوەندەش پڕ لە ترس و گەورە نەبێ من هەمیشە وائەزانم خودا ئەو پەپوولە چکۆلەیە وا شەوانی جومعە دێت و دایە گەورەکانمان هەڵوای بۆ دروست ئەکەن.»

«ـ تۆ دەتزانی خودا قەد لە زمانی ئێمە تێ ناگات؟»

«ـ نا، وانییە نوونوو کێ ئەڵێ؟!»

« ـ چۆن کاتێ باپیرم نوێژ ئەکات، من تێ ناگەم چی ئەڵێت؟ دایە گەورەم ئەڵێ ئەبێ وا نوێژ بکەین و ئەویش هەر بەم زمانەوە وەڵاممان ئەداتەوە! تۆ تا ئێستا نوێژت کردووە؟»

« ـ نا من نوێژ نازانم. »

« ـ زۆر ساکارە: بەرماڵێکی چکۆلە لە پاڵ بەرماڵەکەی ئەوانەوە راخە، دەست بگرە بەر زگتەوە هەر چی باپیرت ئەکات تۆش دووپاتی کەرەوە، جا پچەپچ دانێ، بێشك خوا وا ئەزانێ خەریکین بە راستی نوێژ ئەکەین خۆ تێ ناگات.»

« ـ بەڵام دایە گەورەم ئەڵێ خوا ئەوەندە زانایە کە لە هەموو زمانێك تێئەگات، دەشزانێ قالانجە و کرم و ماسییەکان چی ئەڵێن ئێمەش گەر لە دڵی خۆمانەوە بدوێین خوا زوو تێئەگات ئای های نوونوو گوناحبارەکە! جا خوا ئەتخاتە جەحانم جنۆکە و مارەکان پەل پەلت ئەکەنەوە... ئای های!»

« ـ نا قەت وانییە، من هەرکات لە گەڵ برا چکۆلەکەما شەڕ ئەکەم دایکم ئەڵێ: «خوا بتباتەوە!» گەر تێگەیشتبای ئێستا خۆ لە ئێرە

نەبووم گەوجە! لە ئاسمانا بووم لە ماڵی خودا یان رەنگە لە جەحانما!»

« ـ من دیومە دایەگەورەم لە دوایی نوێژەکەیەوە یان لە بەر خۆیەوە وەکوو خۆمان لە گەڵ خوا ئەدوێ.»

ـ ...

«ـ راستی نوونوو گەر خوا بێت پێغەمبەرەکانیش لە گەڵیا دێن. ئەزانی؟»

«ـ نا ئەبێ تەنیا خۆی بێت، ئەو گەورەیە، پهیغەمبەرەکان زۆرن، ماڵەکەمان چکۆلەیە.»

« ـ خۆزگە بمانتوانیبای پەتوویەکی دیکەمان هەر لە نێو ئەم حەوشە راخستایێ ماڵەکەمان گەورە ببوایەتەوە.»

« ـ بەڵام نابێ شەیتان بێ.»

« ـ نا قەت ناهێڵین، شەیتان خراپە، چەپەڵە، خوداش لە گەڵیا قارە.»

« ـ ئمممم... رەنگە ئێمە بتوانین خوا و شەیتان ئاشت بدەینەوە.»

« ـ ئاك!؟ زۆر چاکە، ئەوان دوور لە یەك زۆر تەنیان ئیتر ... »

« ـ سسس هێواشتر گەوجە! با خودا نەبیسێ ئەگینا نایەت ئەو لە شەیتان رقی هەیە. »

« ـ تۆ ئەڵێیت خودا کچی هەیە؟»

« ـ نا مەگەر ناڵێم تەنیایە؟! چوونکا ژنەکەی مردووە!»

« ـ تۆ خوا کچی خوا! رەنگە دایکی دوێنێ مردبێ، ئاخر باران و هەورە تریشقەکەت لە بیرە؟ من دەترسام و دەگریام، باپیرم دەیگوت ئەوەندە گوناحبارین لێمان توورە بووە، بەڵام من ئەڵێم ... »





« ـ گەر تۆ ئەڵێیت خوا تەنیایە، رەنگە کچەکەشی دوێنێ لە گەڵ دایکیا مردبێ، ئەو بارانەش فرمێسکەکانی خوا بووبێتن. »

« ـ تۆ خوا! خوا گیانێ! گوناحە ئەزانی؟»

« ـ ئەڵێین بێت بۆ ماڵمان تاکوو کەمتر خەم بخوات، جا بە دزییەوە شەیتانیش میوانی ئەکەین. »

« ـ گەر ئاشتیان بدەینەوە شەیتان ئیتر دڵی خەڵك نایشێنێ و خواش بە تەنیا نامێنێ. ئەزانی؟ »

« ـ ئەرێ نوونووگیان بەڵام تۆ پێی بڵێ ئێرە ماڵی ئێوەیە، روو کە لە ئاسمان و هاوار کە. »

« ـ ئێستا نیوەڕۆیە، خوا خەوتووە!»

« ـ نا قەی ناکا، بەرز، ئەوەندە بەرز هاوار کە راچڵەکێ.»

« ـ خوا گیانێ ... »

« ـ بەرز، بەرزتر، بڵێ جل و بەرگەکانیشی بێنێ، لێرە تا ئاسمان رێگایەکی دوورە، با شەو لێرە بخەوێ.»

« ـ خوا گیانێ بڕیار بوو میوانمان بۆ بێت، بەڵام ...»

« ـ بڵێ بەش ساڵێکی دیکەش چێشتمان بۆ ماوەتەوە هیچ نەهێنێ جگە لە بووکەڵەکانی کچەکەی.»

« ـ نایخەمەوە بیری نەکا دووبارە بگرییێت، ماڵەکەمان لافاو ئەیبات، رەنگە دوێنێ بووکەڵەکانیش مردبێتن، ئەی ئەو هەموو فرمیسکانە بۆچی بوون؟»

« ـ تۆ خوا بووکەڵەکانی کچی خواگیانێ!»

« ـ ئێمە نان ناخۆین تا تۆ نەیت، ماتڵمان نەکەیت برسیمانە.»

« ـ نا بێهوودەیە، دەنگت نابیسێ، وەرە پێکەوە هاوار کەین. یەك، دوو، سێ:

« =خوا گیانێ گیانێ ...»

هاوینی ١٣٨٢





## ژنێك دەزووەکەی پچڕاند

« - پێم سەیر نییە ئەگەر نەمناسی. ماوەیەکە لەو ڕۆژانە تێپەڕیوە بەڵام لە یاد ناکەم کە تۆ منت خولقاند. پێت خۆش بوو هەموو شتە جوانەکانی ئەم جیهانە لە منا کۆ کەیتەوە و نێومت نا «نوونوو».

لە بیرت دێت لە بەرانبەرمەوە وەستایت و گوتت: ئێستا من نوونووم یان تۆ؟

من گوتم: تۆ.

تۆ گوتت: نا پێکەوە. بەڵام من تارام و تۆ مایتەوە، ئەو نوونووە تارا کە خولقاندبووت نەك ئەو نوونووە کە خولقابوو.»

من سەرم سووڕ ماوە وەکوو فیلمێکی بڕکە بڕکە بیرەوەرییەکانی منداڵی، ئەو کاتە وا قەت لە بیرم نەمابوو، لە ژێر خاك و خۆڵدا زیندوو ئەکاتەوە و دەینێتە داوێنم. من تەنانەت نێوی چکۆلەی خۆشم لە بیر نەمابوو.

توند توند پێڵو ئەترووکێنێ و چاوم لێ هەڵناگرێ: « - چەند گۆڕاوی خانم!»





راکشاوەتە سەر لوولەی دووکەڵکێشەکەوە و ڕێگای فڕینی دووکەڵەکانی بەستووە، هەندێکیان لە نێو قژەکانیا خۆیان دەرباز ئەکەن و هێور هێور ... نیگام ئەکەوێتە شوێنی ئەو قژانە هەر لە سەر لوولەکەوە تا زەوین.

« - تۆ چنوور خانم ... نا بۆ من هێشتا نونوویت، چاوەکانت نەگۆڕاون، تەنانەت ئەو پەڵە بێ‌هێز و بچووکەش وا جێگایەکی چکۆلەی لە سپێنەی چاوانت داگیر کردووە و کەس بە وردی نایبینێ - ئێستا ژنێکیت!»

کە ئەڵێت نوونوو، دڵم دائەخورپێ و کچێکی چکۆلە دێتەوە بیرم: چاو هەنگوێنی بە کراسێکی کورت تا بان ئەژنۆی و بێ قۆڵ بە ڕۆژان ئەوەندە لە نێو حەوش و کۆڵانەکاندا یاریی ئەکرد تا باڵ و قاچە سپییەکانی ڕەنگیان ئەگۆڕا و قژەکانی و پشتە ملی بۆنی هەتاو و عارەقیان ئەدا.

ئەو کچە وا هەموو شەوێك بەم خولیاوە چاوی لێکئەنا ڕۆژێك بڕواتە بەر دەرگای ماڵی خودا تا بزانێ ماڵەکانی چەند پلەی هەیە، چەندە کچ و کچەکانیشی چەندە بووکەڵە؟!

« - لە بیرت دێ نوونوو چەند بێزار بوویت لە قژی شۆڕ بەڵام شۆڕترین قژی بەرزە حەوایلەکانت بۆ دروست کردم؟ لەم ساڵانە لە هەر کوێ دائەبەزیم قژەکانم دەئاڵانە دەوری شتەکانا و بە ئاستەم دەرباز ئەبووم.»

قاقا پێ ئەکەنێ هێشتا وەکوو جاران ئەڵێت پێکەنینی من گۆڕاوە، دڵەڕاوکێمە دەنگمان لە دووکەڵ کێشەکەوە نەگاتە گوێی منداڵەکان و

پیاوێک کە دەزانم ئێستا دووکەڵە یەخسیر بووەکان نیشتوونەتە سەر دەست و روومەتی و ئەو ساوییەتە هەموو مەلافەکانا.

« ـ دوای ئەم هەموو ساڵە، بۆ لەم زستانە، لە سەر بان ماڵی ئێمە، لە سەر رێگای دووکەڵەکاندا دابەزیوی؟»

دەنگی دووری پیاوێک لە لوولەکەوە دێتە سەر لە نێو قژەکانیا دەرباز ئەبێ، وەکوو هۆرەیەک کە با بیهێنێ: « ـ توانیت بزانی چی قەوماوە چنوور؟»

من هێواش لە ئامێزی دەگرم و دایئەبەزێنم وەکوو ئەو کاتە وا تازە دروستم کردبوو، وریا بووم نەکا ئێسکەکانی لێکەوە بێ.

« ـ کە لە بەر ماڵی خودا ئەهاتمەوە بەهاریش خەریک بوو ئەهات.»

دووکەڵەکان بەرەو ئاسمان هێرش دێنن، پیاوێک تەقە تەق زۆپاکە دروست ئەکاتەوە، بێگومان ئێستا هەموو شوێنێک هەموو شتێکی رەش کردووە و لە دواییدا ئەڵێ: «زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە !»

« ـ بڕوات دەکرد رۆژێکا بەرزە حەوایلەیەکی یاخی بێتەوە و بیهەوێ ... »

کچێک دێتەوە بیرم تا حەوتەیەک هەموو دەزۆوەکانی ماڵ خۆیانی کۆ کردەوە و ویستی بەرزترین بەرزەحەوایلەی جیهان بنێرێ بۆ ئاسمان تاکوو بگاتە بەرماڵی خودا و ئەم سکاڵایەی بۆ ببات کە هەمیشە بڕیار ئەدات بڕوات بۆ ماڵی ئەو کچە و قەت ناڕوات. من ئەمە ئەڵێم و ئەو قاقا پێدەکەنێ. بێگومان منداڵەکان وائەزانن خەریکم لە گەڵ قاڵاوەکان یان گورگە شەوێیا ئەدوێم.





« ـ من خەریک بووم هەموو رۆژێک ماڵم گسک ئەدا، چێشتم لێئەنا و شەوانە ...»

ویستم ئەمەش بڵێم کە تۆ هاتی هەموو ژیانی من رەش بوو. هەموو قاڵییەکان، پەردەکان و...

« ـ بۆ ئەو دەزۆوەت پچڕی؟ بۆ هەڵفڕیت؟ دوای رۆیشتنی تۆ ئیتر بە هیچ بەرزەحەوایلەیەک و هیچ دەزۆیەک بڕوام نەکرد هەستم ئەکرد ئەگەڕێیتەوە، ئەمزانی بەرزە حەوایلەکان هەرگیز دایکی خۆیان لە یاد ناکەن. ئێستاش شەوانە بەسەرهاتی تۆ و بیرەوەرییەکانی تۆ بۆ منداڵەکانم ئەگێڕمەوە. رۆیشتنی بێگەڕانەوەی بەرزەحەوایلەیەکی بەختەوەر کە هەمیشە پێ ئەکەنێ و بزەیەکی هەتا هەتایی تەنیشتی لێوەکانی تا لای گوێی کشابوو.»

« ـ بەڵام باوان ئەو دەزووە تا لای ماڵی خودا زۆر بێ گیان بوو.»

« ـ ئەوە درێژترین دەزۆیەک بوو کە تا ئەو کاتە دیبووم.»

منداڵێک دێتە حەوش و هاوار ئەکا:

« ـ دایە وەرە خوارەوە بابە زۆپاکەی دروست کردۆتەوە، برسیمانە.»

لە بان ماڵەوە سەرئەکێشم، منداڵێک بە کراسێکی کورت تا بان ئەژنۆی و ... قژەکانی و پشتەملی بۆنی عارەق و هەتاوی لێ دێ، هەستی پێ ئەکەم. وائەزانێ نەمبیستووە، توندتر هاوار ئەکات: «برسیمانە !»

بچووکتر لە هەمیشە ئەیبینم وەکوو ئەوکاتە وا منداڵ بووم و وامئەزانی کە دێمە بان ماڵ مرۆڤەکان بچووک ئەبنەوە و کاتێ کە ئەڕۆمە خوار، گەورە.

ئەویش دەستەکانی،جلەکانی رەش کردووە، ئاە.

« ـ لە بیرت دێت شەوانە بیانوی بووکەڵەکانی کچی خودات لێدەگرتم؟ من بڕیارم دابوو هەموو ئەو بووکەڵانەت یەکە یەکە بۆ بژمێرم.»

بێشك ئێستا دەستە رەشەکانی ئەساوێتە قاڵبییەکە و لە دواییدا ئەڵێ:

«زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە !»

« ـ تۆش بڕیارت دابوو بڕۆیت و یەکێ لەو بووکەڵانەم بۆ بێنی، بەڵام کە ئاسمانت دی یاخی بوویت.»

« ـ ئێستا هاتوومەتەوە پێت بڵێم خودا ئەو بووکەڵە تەنیا بە دەستی خۆت ئەسپێری و هیچ کەسی دی.»

دیسان دڵم دائەخورپێ رەسمە رەنگ بە رەنگەکانی کچە چاوهەنگوێنییەکە یەکە یەکە لە ژێر خاکەوە سەر هەڵدێنن،منداڵەکانی خودا هێندە زۆر بوون کە هەموو ئاسمانیان داگیر کردبوو ماشێن و بووکەڵەکانیان هەمووی جیهان.

کچەکە بڕوای نەئەکرد خودا لە نێو ئەم قەرەباڵغییە هێندە تەنیا بێ.

« ـ من رێگاکە دەزانم، دەزووەکەم بگرە پێکەوە هەڵدێین.»

پیاوێك هاوار ئەکات:

« ـ ئەوە چی دەکەی لەو بان ماڵە و لە گەڵ کێیا ئەدوێی؟ وەرە هەموو شتێکم دروست کردۆتەوە، منداڵەکان برسیانە.»

داوێنەکەم ئەخەمە نێو پانتۆڵەکەمدا نەکا گیر کات لە هەورەکان. دەڕۆین و سەرم گێژ ئەخوات. پیاوێك تووڕە بە کراس و دەستی رەشەوە لە پەیژەوە دێتە سەربان تا بزانێ لە گەڵ کێیا ئەدوێم و پێئەکەنم؟ خۆزگە مەلافە شۆردووەکانم دەق کردایە، ئەو ئەڕوات و کچێك چاو هەنگوێنی توند دەزۆوەکەی چنگ لێداوە، خۆزگە ژێر





چێشتەکەم دەکوژاندەوە، سییەکانم پڕ دەکەم لە هەوا، هەوای تازە، خۆزگە نانم بدایەتە منداڵەکان.

بێگومان پێش لەوە بگەینە بەرماڵی خودا لە نێو کۆڵانەکاندا، نێوان ژنەکان، مرۆڤەکانی سەرزەوین قوو دائەکەوێ: نیوەڕۆیەکی ئاخری زستان ژنێك دەزووەکەی پچڕاند.

## ئەو کەسەی کە گوڵت بۆ ناهێنێ





« ـ لە دوای ئەم کۆڵانە، ئەو کاتە کە پیێ بنێیمە نێو کولأنێکیتر، یەکێك دێت و دەستە گوڵێکم پیێ ئەبەخشێت. چی ئەڵێت؟ پێشکەشە بە تۆی ... ؟ هیچ ناڵێت بیێ دەنگی جوانترین قسەیە. گۆناکانی لە شەرمێکی شیریندا دائەگیرسێن. دەبا زوو بڕۆم.»

کە ئەچیتە ناو کۆڵانەکە ژنێکی چارشێو لە سەر بەرامبەرت دێت، پێش ئەوەی نزیکت بێتەوە، چارشێوەکەی دێنێتە پێشیێ.

« ـ رەنگە هەر خۆی بێت و کوتوپڕ ئەو دەستە گوڵەم پێبدات.»

نە لە ژێر چارشێوەکەیەوە گوڵێك هەیە و نە گۆناکانی دیارە تاکوو بزانی لە شەرمێکی شیرینەوە ...؟ تەنیا لووت و چاوێك ئیدی هیچ!

«گرنگ نییە، با ئەمڕۆ نەبیێ بەیانی بیێ، دوو بەیانیتر، من ئەم هەموو ساڵە چاوەڕوان بووم، هۆ پیرەمێرد کیێ لەم نیوەڕۆیە تاقەتی گولێ هێنانی هەیە؟»

هەنگاوەکانت توند ئەبێتەوە ئەبیێ بیر لە شتێکیتر کەیتەوە، هەر شتێك بێت گرنگ نییە، حەز ناکەیت ئەو دەنگە ناحەزە بلێت:

« ـ ئەو گەر بیەوێت نیوەڕۆی هاوین کە هیچ نیوەشەویش گوڵ دێنێت و ئارام رادەبوورێت.»

« ـ ها، دەنووك سوورەکەم برسیتە؟ ئاغە بە قوربانت بێ! ئەئەئە ... کەس تەلەفوونی بۆ نەکردم؟ کەس لە دەرگای نەدا؟»

چەند لاپەڕەیەکی درێژ و شین لە ژێر دەرگاوە خراونەتە ژووری، ئاو، کارەبا، تەلەفوون ... نێوی خۆت ئەبینیت و سەرنجت راناکێشن، هەموو مانگێك دێن و بە پارەیەکەوە ئەڕۆن و تەواو. بەڵام هەر پێت خۆشە، پێت خۆشە کە بڵێیت: «ـ رەنگە خۆی نەیتوانیوە بێت و نامەیەکی لێبوردنی ناردبێت، ئینجا تا ئێوارەش دەستە گوڵەکە ئەسپێرێتە دەستی کەسێك و ... ئەڵێیت بە کام دەستی ئەو دەستە گوڵەم پێ ئەبەخشێت؟ دەستی راست یان چەپ؟ یان بە دوو دەست؟»

جیرە جیڕی رادیۆوە بیانییەکان، قاسپەقاسپی دەنووك سوورەکە، قرچەقرچی هێلکەی سەرگازەکە، تێکەڵ بە دەنگێکی تازە ئەبن.

« ـ ئەوە چییە؟ هێشتا هەڵپەڕکێ تەواو نەبووە؟»

لە بەر پەنجەرەکەوە بۆ ماڵی بەرانبەرت ئەڕوانی، پەنجەرەکان کراوەن. ژوورەکە بەفراوییە، چەند دەسماڵی رەنگاورەنگ، چەند قژێکی زەرد و رەش و شەراوی لە سەمادان، قرمەی تەقە دێت...

دەنووك سوورەکەت لە هاوار و قیژەی خۆشحاڵی و مۆسیقایەکی توند سەرسام ئەبێت، نا ئەترسێت و توند توند ئەخوێنێ.

« ـ دونیا ئاخریەتی دەنووك سوورەکەم، هاکا ئێستا بمرین. هەهەهە مەترسە.»





وەکوو ئەوەیە بڕوای بە قسەکەت کردبێت، قەفەسە بچووکەکەی دەور ئەداتەوە و بەرزتر ئەخوێنێ، هاوار ئەکات.

« ـ مەترسە نامرین. مەرگ .. مەرگ گاڵتەیە، چۆن ئەو لەو جێژنەیە گوڵەکەمی لە شوێنێکی لاچاوە داناوە. زۆر جوانە، ئەبێ دایشارێت هەمووی خەڵك بە تەمایەتی: گوڵە بەڕۆژە و مریەم و نێرگز و .. دووبارە گوڵە بەڕۆژە.»

تۆ نازانی ئەو کەسە ژنە یان پیاو، کچە یان کوڕ، تەنیا ئەمە ئەزانی گەر زۆریش سەر قاڵ بێ یان رەنگە هەر لەم شارەش نەبێ دێت و لە یادت ناکا. نانت بۆ ناخورێ چۆن نازانی بە کام دەستی ...؟

« ـ ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە چاوەڕوانم نازانم بۆچی کەوتوومەتەوە بیری؟»

خێرا لاپەڕەیەکی رۆژنامە لە سەر تاقە دێنیت و ئەڵێیت: « ـ ئەم کابرایە ئەبینی؟ ئەمڕۆ بوومتە سەرۆك کۆماری وڵاتێك، هەر بەم بۆنەیشەوە هەمووی ئاسۆ و رۆژهەڵاتەکانم فرۆشت.

هوووە! نازانی چ ئاپۆرەیەك بوو. خەڵك تاکوو ئێستاش هەر خەریکی بڵاو کردنەوەی گوڵ و شیرینین، پۆلیس فریای هیچ نەئەکەوت!»

لە رووت هەڵنایە کە بڵێیت کەس لە بیرت نەبوو، نە گوڵێك، نە شیرینیەك، هیچ. چەند ماتڵ بوویت، چەند چاوەچاوت کرد، رەنگە لە نێو ئەو حەشاماتە ئەو کەسە بێت و گوڵەکان لە سەر رۆژنامەکانەوە دانێت و خۆی ون کات.

« ـ تۆ ئەڵێیت چەند دەستە گوڵی پیرۆزبایی بۆ ئەنێرن؟ لە هەمووی جیهانەوە خانوویەکی پڕ لە گوڵ، نا شاریٚ لە گوڵ. هەر گوڵەکانی سەرۆك کۆماری هۆلەندی بۆ بەسە.»

نالێیت لە بەیانییەوە تا ئێستا هەر خەریکی ژماردنی ئەو دەستە گوڵانەیت و تەواو نابن! دەترسیت ئەو گوڵانە بۆ ئەو کابرایە ببات و تۆ فەرامۆش بکات.

« ـ کەس لە دەرگای نەدا؟ کەس تەلەفوونی بۆ نەکردم؟»

□

« ـ بەو خودایە بە چاوی خۆم بینیم لە کونی دەرکەکەیەوە، سفرەکەی هەروا راخستبوو خەوتبوو!»

« ـ تۆ چۆن لە کونی دەرکەی ماڵی خەڵکەوە سەیری ژیانیان ئەکەی سەگباب؟»

« ـ چوونکە ئەو پیرەمێردێکی خراپە، پێی خۆش نییە برۆمە لای کەوەکەی، ئەو کەوە دۆستی منە، ئەو کاتە کە پیرەمێرد لە ماڵ نییە ئەڕۆم لەو کونەوە قسەی لە گەڵا ئەکەم و ئەویش ئەخوێنێ. چووم داوای لێبوردنی لیٚ بکەم.»

« ـ لێبوردنی چی کوڕم؟»

« ـ بۆ ئەوەی نەمتوانی بۆجەژنی لە دایکبوونەکەم داوەتی کەم، لەتێك کەیکم بۆی بردبوو، بەڵام ئەو پیرەمێردە ئەنگوستی وەکوو منداڵێك لە زار نابوو...»

« ـ ژیانی خەڵك پێوەندی بە ئێمەوە نییە»





« ـ نە بابا ئەو پیرەمێردە دوو رۆژە هەروا خەوتووە!»

« ـ رەنگە ماندوو بێت، ئەوەندە ماندوو کە خەوی چەند رۆژی دیکەش بەشی نەکات. وەکوو من، نانەکەت بخۆ، راوەستە بزانم دەستەکانت شۆردووە؟»

« ـ کەوەکەی کزی کردووە، ماوەیەکە قاسپەی نایەت بابە تۆ خوا...»

« ـ ئێمە ئەو پیاوە ناناسین کوڕم، بێشك کەسێکی هەیە سەردانی کات، لێیگەڕێ.»

جۆزەردانی ١٣٨٤

## شەوێکی پڕ لە ئەسپ





« ـ بێ بەزەییترین کەسێکی کە تا ئێستا دیوومە.»

گوێم لێ ناگرێت و لە گوێیەکانمەوە دەست پێ ئەکات. تەنانەت گوارەکانم لە گوێم دەرناهێنی، دوو ماری گەرم لە ملمەوە ئەخزێنە خوارێ و لە نێو جلەکانمدا ون ئەبێ.

« ـ قژەکانم، ئاە تۆ خوا قژەکانم مەبڕە، تازە رەنگم کردوون، سەیر کە، تۆ رەنگی شەراویت لا جوانە.»

چەپك چەپك قژەکانم ئەبڕێ و ئەیخاتە سەر گوێیەکانم. ناوێرم سەیری خۆم کەم. هەرگیز خۆمم بە قژی کورتەوە نەدیوە، لە خەونیشدا.

« ـ تۆ بێ رەحم و ...»

بێ رەحم و چی؟ تەنیا بێ رەحم.

ناشتی وا نابێت رەنگە خۆی نەبێت، روومەتی کەوتووەتە بەر تریفەی مانگ. خاڵە رەشەکەی لە سەرگۆنایە و چاوەکانی هێشتا هەنگوێنین، بەڵام هەراسانن. هەست بە تێژی نیگام ئەکات. نە قین، نە نەفرەت، هیچی تیا نییە خوایە. دائەنیشێت و لە سەرخۆ دانە دانەی پەنجەکانی پێم ئەبڕێتەوە.

« ـ هاها ! ئاگات لە خۆت بێ وەختبوو دەستت ببڕی.»

قسەکەم تەواو ناکەم و قامکەکانی دەستیشم.

« ـ ئەم نینۆکانەم تەنیا بۆ تۆ درێژ کردۆتەوە. سەیر کە لە بیرت دێت؟ شەوانە وەکوو منداڵێك تاکوو لە زارت نەنایە نائەخەوتی.»

ئەی هاوار بان قژم پڕ ئەبێ لە قامك و پەنجەی خۆیناوی، بەر چاوم لێڵ ئەبێ رەنگە بیست دانە نەبێ، چل بێ ، نازانم کامەیان قامکی دەستمە، کامەیان پەنجەی پێم؟ بە چەقۆ خوێناوییەکەیەوە دێت چاوەکانم دەربێنێ، پەشیمان ئەبێتەوە.

دایناوە بۆ دوایی؟ پێی خۆشە هەمووی لەتەکانم تا دوا لەت ببینم؟

ئەمجارە ساتووری دێنێ ئەیکوتێتە رانم، ناتوانێ، ئێسکەکانی رانم پڕ هیز و قەڵەون، خوێن ئەپژێ بە رووومەتیا. دەستم نییە بە قۆڵەکانم ئەیسرمەوە. ناوێرێ سەیرم کا. چاوەکانی هەنگوێنیتر لە هەمیشەیە، قرچ و هۆڕی وردبوونی ئێسکەکانم شێتی ئەکا، ئەزانم.

« ـ ئەی بۆ ئەوەندە بێبەزەییت؟!» ئەکەومە سەر عەرز.

« ـ تۆ زات ناکەی گلۆپەکە داگیرسێنی، چوونکو ژوورێکی سوور ئەتترسێنێ.»

خۆی لە کەڕی داوە. هەر لە ڕانم خەریکە تا پێیە بێ پەنجەکانم لەت لەت ئەکاتەوە.

« ـ دەبزانە گۆشتی من بەش هەموو خەڵکی ئەم شارە ئەکا؟»

هێزم نییە قاقا بکێشم، ئەوەندە لە ئێش و کزە پڕم کە ئیدی هەست بە هیچ ناکەم. لەشم داخی داخی داخە، وەکوو زۆپایەکم کە تا ئاخر زیادیان کردبێت، بەڵام ئەو وەکوو مردوو ساردی ساردی ساردە. لەت لەت کردنی رانم ماندووی ئەکا.

« ـ وەرە لە پاڵما بنوو. بەیانی دووبارە دەست پێ ئەکەیتەوە.»





کە ئەڵێم بەیانی، خێرا هەڵ ئەستێ و باڵەکانم ئەقرتێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی ران و ئەژنۆ و قاچم.

تاکوو چەقۆکە تێژ ئەکاتەوە من قاتەکانم ئەژمێرم:

یەکەم گوێ، دووهەم قژێکی شۆڕی شەراوی، سێهەم قامکەکانی...

نەرم نەرم وەکوو دوکتورێکی شارەزا سکم ئەدڕێ و ریخۆڵەم دەردێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی باسکم.

ئینجا وەکوو پەتی تەزبێح ژێیەکی ناسك لە نێوان مۆرەکانی پشتم ئەکێشێتە دەرێ. ئاخخخ.

مۆرەکانی پشتم تێکەڵ ئەبن. وەکوو منداڵ یاریان پێ ئەکات.

سەگەکان ئەوەڕن و مۆرەکان پەرت ئەداتە سەر ریخۆڵەم.

دڵم لە دەِستەکانیا لێ ئەدات. دەستەکانی ئەلەرزێن، خوێن لە دەستەکانییەوە تك تك ئەتکێتە سەر سنگم، مەمەکانم ئەپرووتێنێتەوە.

«بێ رەحم، بێ بەزەیی، بێ ....»

لێوەکانم مەقەست ئەکات بە نووکی چەقۆکەی چاوەکانم هەڵدەکۆڵێ.

ئاوڕ ناداتەوە. تکتکێکی داخ لە چاوەکانییەوە ئەڕژێتە سەر گۆنام.

ئێستا قاتی یازدەهەم جووتێ چاوە کە هیشتا ئەبینێ، گەر ئەو بوێرێ گلۆپەکە داگیرسێنێ.

بەفر ئەبارێت، نووزە لە دوای نووزە دێت، سەگە خوێڕییەکان دەوری ماڵەکەیان گەمارۆ داوین.

« ـ ئێستا چیم لێ ئەکەیت، ها؟ چۆنت پێ خۆشە؟ سەگەکان یان پشیلەکان؟ یان رەنگە وەکوو کوندە کوێر (1) لە شوێنێکا چاڵم ئەکەیت و تا هەمیشە تەنیا ئەمنووسیتەوە؟»

دڵە راوکێ دەیهەژێنێ، بە دزییەوە پەردەکە لائەدات و سەیری سەگەکان ئەکات، بە ئەستەم تفەکەی بۆقووت ئەدرێ. دەستەکانی ئەلەرزێن.

دڵم تێکەڵی قژ و قاچ و قامکەکانم توند توند لێئەدات.

باوەشم پیا ئەکات، چەپکە قژێك و چەند قامکم جێ ئەمێنێ، قامکەکانم لە گیرفان ئەنێت و قژەکانم وەکوو شاڵ دەئاڵێنێتە دەور ملیا.

« ـ بۆ کوێ ئەڕۆی؟ سەگەکان ئەتخۆن. بڕیار وابوو لە بەر دەرگا دامنێیت و بڕۆی.»

کزە بایەکی سارد هەڵدەگڕێ، سەگەکان ئەوەڕن و دڵی توند توند لێئەدات.

« ـ دەبا رۆژ بێتەوە وەکوو ئەو ژنە چاورەشە(2) لە شوێنێکا چاڵم کە و تەواو، من تاقەتی سەرمام نییە.»

لە ژێر کۆتەکەیەوە ئەمشارێتەوە، هەمووی لەشم تێکەڵی یەکە، نازانم ئێستا چەند قاتم؟ دەترسم سەگەکان ...

خشە خش بەرەو ناو سەگەکان،تاریکی، بەفر رێ ئەکەوێ.

جۆزەردانی ١٣٨٤







ئەسووڕێمەوە، ئەسووڕێمەوە، سەرم گێژ ئەخوا، دامەنەکەم بازنەیەکە و من لە نێوبەندیدا ئەخولێمەوە. دەنگی شریتەکە زۆر ئەکەم شەپۆلێکی نەرم لە باسکمەوە ئەخزێتە خوارێ و پێش ئەوەی بگاتە قامکەکانم تەواو ئەبێ و دووبارە شەپۆلێکیتر. ئێستا سەد، نا هەزار ساڵ لەمەوبەرە، بەم جیاوازییەوە کە ئیتر ئەژنۆم ناهێڵێ وەکوو جاران خێرا هەستم، ئەبێ دەست بنێمە زەوین، سەرتا کەمەرم هەستی، ئینجا خۆم!

شریتەکە ئەگۆڕم، ئەمە چاکە چۆپی کێشانم هەرگیز لە بیر ناچێ لانیکەم ساڵێ جارێ لە زەماوەندێ، سەیرانێ ...

هەر بە هەڵپەرکێیەوە ئەڕۆم ژێر چێشتەکە خامۆش کەم نەکا بڕوا بۆ کوێ؟ نازانم! چێشتخانەکەمان بچووکە، ئەبێ قامەکانم بچووک هەڵگرم و دانێم. چاوێك ئەخشێنمە سەر بەفرگرەکە، لێرەش دامنەناوە، بەرلەوەی گۆرانیەکە بگۆڕم، کلیل ئەخاتە دەرگاوە. بە پەلە شریتەکە ئەکوژێنمەوە، عارەقم کردووە:

« ـ سڵاو »

ئاوڕم لێ ناداتەوە، چاوەکانی ناڵێن سڵاو، ئەڵێت بۆ کەوتوومەتە هەناسەبڕکێ، چاو ئەگێڕێت بە ژوورەکانا.

« ـ ئەمڕۆچوومەتەوە بۆ هەزار ساڵ لەوە پێش! لە بیرت دێ؟ چەند ئێسك سووك بووم، ئەو کاتە تۆ کوڕێکی لاو بوویت.»





سفرەکە رائەخەم تۆی نانەکان ئەگەڕێم، رەنگە لە کاتی دەستە کردنیان دامخستبێت و نەمزانیبێ، یان رەنگە ئەو هەڵیگرتبێ، هەڵیگرتبێ و بیهەوێ حەقم لێ بسێنێتەوە.

دە تۆ خوا شتێك بڵێ.

« ـ ئاڵقەکەم ون کردووە ! » چاوەکانی خرت ئەبێتەوە.

« ـ ون نا ... لە شوێنێکا دامناوە، نازانم چی لێ هاتووە؟!»

بۆ ئەم چاوانە ناناسم؟ بۆ ناتوانم بزانم چی ئەڵێت؟ رەنگە بە جێگای من ئەو کچە ئێسك سووکەیە و یەکەم جارە کە ئەم کڵاش و ژێر سیغارییە ئەبینێ، یا موشکیل لەو سمێڵانەدایە وا لە کاتی دۆ خواردنەوەدا تا نیوە سپی ئەبێ. شتێك بڵێ خەریکم شێت ئەبم، لە دوای ئەم هەموو ساڵەوە ناتوانم، نا، ناتوانم بە قسە نەکردنی دوای شەڕەکان رابێم، ئەزانم وەکوو هەمیشە ئەبێ من ئاشتی کەمەوە: چێشتێکی خۆش لێ بنێم، لە نێو گۆرانی و پێکەنینەکانما ـ تەنانەت قسەکانی هەمیشە ـ لە گەڵیا بدوێم و ناچاری کەم وەڵامم بداتەوە، ئەبێ وابێت چوونکو ئەو وا فێر بووە .

« ـ ئەزانم لە لای تۆیە و ئەتەوێ سەر بنێتە سەرم.»

لەعنەتی! پەیتا پەیتا دۆ ئەخواتەوە و ناهێڵێ بزانم چاوەکانی چی ئەڵێن؟

« ـ بۆیە وائەڵێم چوونکو برێ جار وەکوو منداڵێکی هارت لێ دێ، گەر ماندوو نەبی، گەر تاقەتت هەبێ» تەنیا خۆم پێئەکەنم، چەند ترسناکە بێدەنگی، چای بۆ دێنم و ژێر سیغارییەکەی ئەڕێژم، رەنگە هێشتا لە هەزار ساڵ لەوە پێشدا بم! ئەی بۆ قسە ناکا؟ بۆ چاوەکانی

ناخوێنمەوە؟ یا رەنگە هەر لەم ماڵە نەبم، ژنێکی شاراوە بم کە دێت و دەچێت و هەر خۆی، خۆی ئەبینێ. « ـ دە تۆخوا شتێك بڵێ لەعنەتی!»

جل و بەرگم لە بەرا نییە یا لەچکەکەم داکەوتووە؟ وەکوو هەمیشە کیلۆیەك تەماتە و گۆشتم کڕیوە، ئەی بۆ ئاوا سەیرم ئەکەن؟ تا ئێستا ژنی چوار ئەنگوستیان نەبینیوە؟ لە رووم هەڵنایە وەکوو جاران لە بەر دووکانەکانا بوەستم و پرسیار لە نرخی زێڕ و پارچە بکەم. ئەزانن لە دوای ساڵەهاوە بە بێ ئەو ئاڵقە سارد و زەردە هاتوومەتە دەرێ، یا هێشتا ژنێکی شاراوەم و تەنیا مانتۆ و لەچکەکەم دیارە! ئەبێ بیدۆزمەوە لە کوێ دامناوە خوایا؟

« ـ شەقامی ئازادی»

نیگای لە قژەکانمەوە دەست پێئەکا و ئەخزێتە سەر سینگم و هەر لەوێ ئەوەستێ: « ـ سەرکەوە.»

لە ئاوێنەکەوە سەیری قامکەکانم ئەکا. ئەیژمێرمەوە: یەك، دوو، سێ، چوار.

ئەزانم گەر ئەو هەڵیگرتبێ، بێ ئەوە خۆی بزانێ، بە قسەیەك، ئاماژەیەك ئەیدرکێنێ. رەنگە لە نێو تاکسییەکی ئەم شارە دامخستبێ.

لە ئاوێنەکەوە دوو چاوی زاق و رەش لێم ناگەڕێن. من بۆ شەقام و خەڵك و نووسراوەی سەر تابلۆکان ئەڕوانم، بۆ خۆم سەرقاڵ کەم؟





منیش سەیری ئەکەم، چاوم لێ هەڵئەگرێ و دوو پیاوی قەڵەو سەرئەکەون.

ئیتر وەك جاران جانتاکەم نابێتە سنوور و خۆم نانووسێنمە دەرگاکەوە، لەشم داخ ئەبێت، چەند خوێنێکی تازەیە لە دەمارەکانما، چەند هەستێکی تازەیە لە لەشما، بێ شك بۆ ئەویش وایە. زۆرتر ئەنووسینە یەکەوە، نەك هەر پێمان، بەڵکوو شان و باسك و پێڵاوەکانشمان.

بە دزییەوە سەیری قامکەکانم ئەکات، لە ژێر جانتاکەما دایئەشارێم.

گەر وەکوو جاران پێنج قامکم ببوایە ئەمگوت:

« ـ بێزەحمەت جوان دانیشە.»

شاراوە نیم، لانیکەم لە پاڵ گەرمی لەشی ئەم پیاوە کە نایناسم، شاراوە نیم، ئەی بۆ جێگای لێ تەنگ کردووم؟ جووتێ چاو پڕ لە نەفرەت، جووتێ پڕ لە شەهوەت چاوم لێهەڵناگرن، ئەو بەدزی ئەویترەوە.

« ـ شەقامی ئازادی سەرچاو.»

ناوێرین دابەزین.

□

ماڵەکەمان گۆڕستانە، دەنگی زیندووەکان نایەت، تەنیا دەنگی شتەکان و ئەو
کەسانەیە کە یا مردوون یا لە ماڵی ئێمە نین: تەلەفزیۆن، جیڕە جیڕی دەرگاکان، کاتژمێر، گۆرانیبێژ...

ژێر زەوین تەنیا شوێنێك بوو کە نەمپشکنی بوو، مستێ وێنەی دڕاوم دۆزییەوە و هیچیتر، لە هەموو لەتەکانا کچێك بە کراس و تۆڕێکی سپییەوە دووپات ئەبووەوە. کچەکە بە پێنج قامکەکەیەوە لە دوایین بروسکەی کامێراکە ماڵاوایی ئەکرد. پیاوەکە دەستی ئاڵاندبووە دەوری کەمەری و ماچی ئەکردەوە، سمێڵی نەبوو.

گەر بمزانیبای هەرگیز لە گەڵما نادوێ و لەتەکانم لە ژێر زەوینەوە ئەدۆزمەوە،ونم نەئەکرد، بۆچیم بوو بزانم حەسانەوە بە بێ ئاڵقە چۆنە؟

لە کاتی قاپ شۆردنا ئاو بردوویەتی، نەك هەر ئاڵقەکەم بەڵکوو خۆمیش، لەو ڕۆژەوە کە ون بووە ئەو ژنە بێ قامکە بۆ ساتێکیش لێم ناگەڕێ، بڕێ جار شاراوەیە و بڕێ جار نا، کە تەنیا ئەبم، نادوێ، چێشتی خۆش لێ ئەنێم، گۆرانی ئەڵێم و هەر نادوێ، شاراوەیە، کە لە شەقامێکی جەنجاڵدا پیاوێکی زل شان لە شانم ئەدا، لە تاکسیا جانتاکەم نابێ بە سنوور، چاو لەو چاوە پڕ لە شەهوەت و هارانە هەڵناگرم، دوو گرێ لە لەچکەکەم نادەم، گەر داشکەوێ سەرم لێ تێك ناچێ، شاراوە نیم، خۆمم.

« ـ زۆر سەیرە. هەمووی خەڵك شەڕ ئەکەن، جنێو بە یەکتر ئەدەن، لە دواییدا بە ماچێك هەموو شتێك لە بیریان ئەچێتەوە، یان باشترە بڵێین لە بیری خۆیان ئەبەنەوە.»

« ـ هەموو کەس ئاڵقە ون ناکەن، شەوانە نانووسێنە ئەو دیوارە ساردانەوە، هەموو ڕۆژێك بە بیانوویەك نارۆنە دەرێ.»





هاوار ئەکەم:

« ـ بەڵام گەر شتێکت پێویست بێ، قار و قینت لە بیر ئەچێتەوە: ئەو کاتە کە برسیت بێ، تینووت بێ، جلەکانت چەپەڵ کردبێ، کەمەربەندەکەت ون کردبێ یان ... کە بێنیاز بوویت یەکجارە دێتەوە بیرت ماوەیەك پێش «ژنێك» لەم ماڵا جنێوی پێت داوە، کوت و پڕ ئاڵقەکەی ون کردووە.»

« ـ کوت و پڕ؟ هە!»

بە ئەنقەست ئەڵێم «ژنێك». چۆن ئەو نازانێ ئەم ماڵە پڕ بووە لە ژن، هەموو دەستەخۆشکی ئەو ژنە چوارقامکە نادیارەن.

یەکێ چێشت لێ ئەنێ، یەکێ گۆرواکانی ئەو ئەشۆرێ، ئەویدی ئێسك سووکە و سەما ئەکا، گەر ئەو شتێکی بوێت خێرا بۆی دێنێ.

من عاشقی ئەو دانەیەم وا بە زمانی منداڵانەوە ئەدوێ، یاری ئەکا، بیانوو ئەگرێ. گەر بە قسەی نەکەم، هەموو چینی و کریستاڵەکانم ئەشکێنێ.

□

« ـ تازە هاتووی تۆزێکیتر دانیشە.»

« ـ درەنگە تاکوو سەردانێکی بازاڕیش کەم ئەو دێتەوە، بزانە کەس لە بەر دەرگا نییە؟»

« ـ بەیانی بێرەوە باشە؟!»

« ـ بزانم چۆن ئەبێ، گەر کار بازاڕم نەبێ ...»

دەستەکانم ئەگرێ و ماچی ئەکا، قامکەکانم ئەژمێرێ.

« ـ تۆ ئەڵێیت من چەند قامکم هەیە؟»

قاقا ناکێشێ، بەردەمی ئەگرێ و هێواش پێئەکەنێ:

« ـ شێتە! هەزار!»

« ـ چوار قامك، لە لای قامکە چکۆلەکەمەوە یەکێکیان نەماوە، تا ئێستا سەرنجی ئەو قامکە ونبووەت داوە؟»

« ـ بەیانی دێیتەوە؟»

« ـ رەنگە ئاو بردبێتی، یان لە حەوشا دامنابێت و قالاوێکی لە بریقەی خۆیەوە فریو دابێ.»

« ـ بەیانی کە هاتیتەوە، لە دەرگای پشتی حەوشەوە وەرە، ئێرە وەکوو جاران نەماوە.»

گەر بەیانی بێمەوە ناپرسم ئەمبینی یان نا؟ ناڵێم ئەو ژنە چوارقامکە ئاو بردوویەتی، نە ئاو، نە قالاو. بۆ بلێم ها؟ گەر شاراوە ببومایە بڕیاری بەیانیمان دانەئەنا و لە بەر من سمێڵەکانی لا نائەبرد.

« ـ شەقامی ئازادی!»

پیاوەکە سەیری قامکەکانم ئەکات و سەرئەکەوم.

جانتاکەم بۆ هیچ کەس ناکەمە سنوور، ئیتر ئەو ژنە منداڵەم خۆش ناوێ، ئەو ژنەم خۆش ئەوێ وا چوار قامکی هەیە و تەنیا لەو چوار دیوارییە شاراوەیە کەچی راهاتووە بە بێدەنگی و دیوارە ساردەکە کردووە.

جۆزەردانی ١٣٨٤

## بە دزییەوە سلاو





سلاو ناریێ گیان، سلاو هەناریێ، سلاو باوانیێ، سلاوێك بۆهەمووتان تەنانەت ئەوانەش وا مردوون.

دەرفەتێکی زۆرم نییە، تاکو دایکم نەهاتووەتەوە ئەبێ ئەم نامەم خێرا تەواو کردبێ، لە جێگایەکدا ئێستا نازانم کوێ دایئەنێم. ناریێ کچێکی باشە ئەو کاتە وا ئێمە دەخەوین بلێن بیخوێنێتەوە بۆتان. با خەم نەخوات هەنارێش کچێکی باشە.

ئێوە لە کوێن؟ نەوا شەوانە سەرماتان بێت، پیش وا رۆژیێ حەوت جار شووشەی دراوسێکانی دەشکاند و بە سۆز دوعام دەکرد! س‌س .. بێدەنگ بن هەست دەکەم دایکم بانگم لێدەکا...

من لە کا وەلی رقم هەیە. کۆلانەکان حەوتەیەك جاریێ دەنگی دووری پیاوێك دووپات ئەکەنەوە:

« ـ پیالە ، دەوری ، قاولەمە ...»

دایکم خێرا کراسەکەی لە نێو پانتۆلەکەیا دەردێنیێ، دەست دەخاتە نێو مەمکەکانی و مستیێ پارەی گلۆلە بوو دەرئەخات، ئینجا ئەڕواتە بەر دەرگا و وەکوو ئێستا تاماوەیەك نایەتە مالەوە:

« ـ تۆ غەوس، باوا شێخ ئەحمەو، لە جنسە باشەکەی بۆ کچی عازەو ... » من هەمیشە وائەزانم گیرفانی پانتۆلی کاوەلی پڕە لە بۆنی لەشی ژنەکانی گەڕەکی ئێمە و ئەو گیرفانەکەشی بۆنی لەشی دایکم!»

راستی باوانیێ چی کرد لە گەلێ عەبە رەشا؟ دەزانن چییە؟ عەبە رەش کوڕێکی خراپ نییە، تۆزیێ هار، تۆزێکیش بیێ گوێ و تۆزێکی دیکەش قسەزان! لە وەلامی نامەکەمدا هیچ شتێك لە چاو نەخەن.

من لە کاوەلی رقم هەیە، دایکم ئەڵێت بریا باوکیشم وەکوو ئەو غیرەتی ببوایە و لە بیر ژن و منداڵیدا.

کا وەلی هەر کات دێت دایکم دەستەکانی سارد ئەبێتەوە جا ئەڕواتە بەر دەرگا و دەنگی قاقایان دەئاڵێتە نێو کۆڵانەکاندا.

باوکم وەکوو کا وەلی حەوتەیەک جارێ سەرمان لێئەدات. جاری واش هەیە هەر نایەت.

کا وەلی جل و بەرگیش دێنێ. راوەستن ژێری ئەو چێشتە خامۆش کەم نەکا بڕوا .. جل و بەرگی ژنانە دێنێ دایکم بانگی کردم:

« ـ وەرە کچێ کا وەلیش وەکوو باوکی خۆتە! وەرە بزانە ئەم ـ ئێوەش وەکوو خۆشکم ـ بە بەرت ئەکا؟»

تا ئەو کاتە نەمدەزانی کا وەلی ئەوەندە کورتە! کورت و سوور و قەڵەو وەکوو دایکم، ئیتر دایکم هەر کات لە گەڵیا ئەدوێ روو بە ئاسمان ناڕوانێ! من لەچکەکەم دا بەسەرما و رۆیشتم. ئیتر ئەو کاتە چاوەکانی وەکوو جاران نەمابوون. من... نازانم جاران چلۆن بوو، بەڵام ئەو کاتە جۆرێکی دیکە بوون. من تا بەیانی لە ترسی ئەو چاوانە گریام.

« ـ تۆزێ راوەستن... نا نایەتە ماڵەوە، هێشتا دەنگی پێکەنینیان دێت.»

راستی، شەوانە ئەو کاتە وا دەڕۆنە نێو پێخەفەکانتان بە جێگای من پاروویەک نان و ماس، یان نان و هەر شتێك بگرن بۆ خنجیلێ برای باوانێ تاکوو نەیتەوە بیری دایکی نییە!

دایکم ئەڵێت:





« ـ شوورەییە کچێ! بووکەڵە بو کچی عازەو! وەڵڵا عەیبە!» رۆژێکا هەموو پێخەف و سەرینەکانی دا بە منداڵە دراوسێکان، بەڵام ئەڵێت ئێوەی داشاردووە بۆ منداڵەکانم.

من گوتم تا ئەو کاتە هەمووتان پیر ئەبن، تەنانەت خنجیلێش.

عەبە رەش و باوانێ بە قەد ئەم شارە منداڵیان دەبێت!

دایکم پێکەنی و گوتی: « ـ ئەو کاتەش ئەوەندە دوور نییە کچێ.»

من لەم ماڵا خەریکم دەخنکێم، هەموو شەوێ خەوی ئێوە دەبینم و بەیانی تێر تێر دەگریم.

هەموو جێگایەك بە شوێنتانا گەڕاوم، تەنانەت ئەو ژێر زەوینە تاریکە وا پڕ لە پشیلە و جنۆکەیە. ئیتر مەدرەسەش ناڕۆمەوە. مانتۆیەکی شۆڕ و درێژم هەیە. دایکم ئەڵێ بەم جۆرە باڵا بەرز ئەنوێنم. وا ئەزانم هەموو شەقامی ئەم شارە بە مانتۆکەی من گسك ئەدرێ.

ئێوە لە کوێن؟ من لە کا وەلی و مانتۆی شۆڕ و دەوری و کەوچك رقم هەیە. لەو چێشتانە وا زوو زوو دەڕۆن. ئەو پیاوانە وا گیرفانی پانتۆڵەکانیان قووڵە و پڕە لە پارەی گلۆڵە بوو و بۆنی ...

ماتڵی چارەسەری ئێوە...

دایکم هاتەوە ...

رەشەمەی ١٣٨٢

# هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان





ئەو کاتەوا کلیل لە دەرکە ئەخات، هەموو بارسایی ئێوارانی هەینی ئەبێ بەهەڵمێك و لە نێو دووکەڵی جگەرەی (ئاغا) دا ون ئەبێ.

کڵاوە کەم لە سەر لائەبەم و خێرا دەرئەچم لە درزی پەردەکەوە سەیری ئەکەم تاکوو دووبارە ئەو گوڵاڵە سوورە ببینمەوە کە بە دزی لە گیرفانەکانیەوە سەریان بۆ ئەکێشم.

هەمبشە وایە پێش لەوە دەرکەکە داخات سەیری پەنجەری ژوورەکەم ئەکا

( خانم) و (ئاغا) ئاوڕنادەنەوە بزانن کێ هاتووە، تەنانەت هێزی ئەوەشیان نییە وەڵامی سڵاوەکەی بدەنەوە.

عەقرەبەکان لەبزووتن ئەکەون، خشەخشی پردەلادانەکانی ئەڕژێتە نێو ژوورەکان.

روناکی هەموو جێگایەك داگیرئەکا، لە سەر پێخەف و پیتاکەکانا رادەکشێ، هەندێك ئەخزێنە نێو گیرفانەکانی (ئاغا) قژەپەلکە کراوەکانی (خانم). من لەکونی دەرکەکەوە سەیری دەکەم و خرچە خرچی وردبوونی گوڵە ژاکاوەکانی سەرمێزە کەلە نێومستە بچووکەکانیا ئەبیسم.

ئاوی ماسیەکان ئەگۆڕێ، ماسیەکان ئەکەونە سەما،بەچپەوە ئەڵێم:

« ـ بۆ ماسیەکان هەرگیز نامرن و ناخەون؟»

ئاوڕئەداتەوەو سەیری دەرکەکە ئەکا، کونی دەرکەکە، بیلبیلەی چاوانم لەکونی دەرکەکە.

چاوەکانی (خانم) ئەوەندە کز بوونەتەوە کە ئیتر ناتوانێ ئەو بزەزەبرە لە سەر لێویەوە ببینێ کە ناهێڵی دیانە سپییەکانی خۆ بنوێنن.

دەزانم بۆ بیانویەك ئەگەڕێ تاکو ئەو ژووره پڕ لە مەرگە خاوێن کا و بێتە ژوورەکەم. دەزانێ وەکوو شێتم لێ هاتووە تەوە.

« ـ وادیارە پشیلەکە هاتووەتەوە، سەیرە هەر دڵنیای ئەم ماسییانە نابێ»

(خانم) تاقەتی نیە بیرلەوە کاتەوە پیشیلە توڕە نابێ، توند توند پەردە لانادا، ناکۆکێ، ئاشق نابێ.

دەرکەکە ئەکاتەوە وەکو منداڵێکی هار لەسووچێکەوە کز ئەکەم:

« ـ ئێستا من پشیلەیەکی هارم؟! کەوایە تۆش ماسییەکی بچکۆلانەیی»

هەوڵ ئەدەم جیدی بم، وەکوو ئەو تەسویرانەم وا لە هەموو وێنەیەك دا هەیە، ناتوانم، ئەو کۆکە نەفرەتیە ناهێڵێ. لە بەرامبەری ئەو چاوە بێگوناحانەی، جیدی بوون دژوارە.

دەستەکانم لەدەور کەمەری دا ئاڵقە دەکەم. ئەسوورێینەوە، ئەتریقێتەوە، بەدەوری بازنەیەکی نهێنی دا ئە خولێینەوە...... ئەڵێ:





« ـ نیگەران مەبە دەنگی تەلەفیزیونەکەم زیاد کردووە، نابیسن، بشبیسن گرینگی پێنادەن»

داخ ئەبم لە هەناسەی، گۆناکانم، پشتی ملم، لێوم...

« ـ ئەبی برۆم، ئێستا هاتووەتەوە منداڵەکان برسییانە»

هەمیشە وایە دێر دێ و زووئەڕوا ، پێش لەوەی کە بڕوا بکەم هاتووە ئەڕوا.

(خانم) و (ئاغا) وا ئەزانن لەگەڵ ماسییەکانا ئەدوێ.(ئاغا) تەزبێحەکەی ئەژمێرێتەوەو (خانم) هەوڵ ئەدا خەو بیباتەوە.

چاو ئەبڕمە ماسییەکان:

« ـ بۆ ماسییەکان هەرگیز ناخەون؟»

هەموو ئێوارە هەینیەك ئەم پرسیارە ئەکەمەوەو ئەزانم کە ئەڵێ:

« ـ بۆ ئەوە کە ئەوان زۆرتر لە هەر بوونەوەرێکی تر ئاشقن، بڕوانە چەندە لەمرۆڤ ئەچن، ئەو دەمە بچکۆلانە ئەولارولەنجە بە نازە...»

قسەکەی لێئەبڕم و لێوێکی نەرم و داخ هەڵئەمژم. زمانی پشتی هێڵی دیانەکانی ئەپشکنێ هێورهێور وەکوو ئەو ماسییەوا ئەو بازنە نهێنییە بەنازەوە دەور ئە داتەوەو ماندوو نابێ.

چاو ئەبەستم و ئێوارەی هەینی لە یاد ئەکەم.

کە (ئاغا) ئەکۆکێ، باوەشم لە ماسییەکی بچکۆلانە خاڵی ئەبێ. پەرداخێکی ئاو و توورەکەیەك حەب لەلای پێخەفەکەیە وە دائەنێ، کۆکەی (ئاغا) ئەوندە گرینگ نیە سەرنجی (خانم) راکێشێنێت.

« ـ نیگەران مەبە کچێ ساڵەهای ساڵە...»

کۆکە هەناوم ئەبڕێ، بەدڵ پڕییەوە ئەڵێم:

« ـ گەربڕۆی ئێوارەی هەینی هەر لە ئێستاوە دەست پێ ئەکا تا...»

ئەڵێ:

« ـ ئەتوانی هەڵگەڕیتەوە نێو بیرەوەرییەکانت، زەمەن زوو ئەڕوا. »

ئەڵێم:

« ـ من بیرەوەریم ناوێ،دەستەکانی تۆم ئەوێ، کەچی بۆنی زەردەچێوەیان لێ دێ و وەکوو دەستی پیاو وایە.»

ڕووناکی ژوورەکان هێور هێور چارشێولە سەر ئەکەن.

« ـ لا نیکەم بەزەییت بەگۆڵ و ماسییەکانا بێتەوە.»

« ـ بیرەوەری زۆرە، بەش هەینییەکی تر ئەکا.»

مست ئەکوتێمە سەر مێزەکە، پەرداخێکی شووشەیی ئەشکێت (خانم) ئەڵێ:

« ـ ئاخ نازانم ئەم پشیلە خاوەن مردووەلە کوێوە دێتە ژوور؟»

زوو هەناسە سوار ئەبێ و رائەکشێتەوە.

دەرکەکە دائەخا. دەنگی قامەکانی دوور و دوورتر ئەبیتەوە، تا لە کۆڵانە کەدا ون ئەبێ.

(ئاغا) لەرزە لەرز هەڵئەستێ و سەردانی ژوورەکان ئەکا. ماسییەکان لەسووچێکەوە کز ئەکەن، ڕەنگە مردبێتن، مردوون؟!

بەگۆچانەکەیەوە بەرامبەرم ئەوەستێ:

« ـ ساڵەهایە ئەم کۆکەخاوەن مردووە دەستم لێ هەڵناگرێ. ئەم ماسییانەت بۆ لێرە داناوە کچێ؟! ئەم گوڵاڵە سوورانە لێرە چی دەکەن؟! خۆ کەس لەم ژوورە ناژیت، بەستەزمانە تابلۆوە کەی تەڕکردووە و فریا نەکەوتووە دەسماڵێکی لێ خات.





خانم سەیرکە ئەو کاتە سوێڵەکانم چەندە ڕەش بوون هایییهەی یادی بەخێر.»

(خانم) تاقەتی ئەوەشی نیە کە بڵێت:

« ـ دە بزانە ئەو کچە چی لێ ناوە پیاوەکە؟»

نە هێز، نەتاقەتی خواردن، هەستان تەنانەت هەناسە کێشان.

کاتێ کە زەمەن ئەوەستێ بیرەوری ئەتوانێ چی بکا؟ من بگرێیم یانە، هەموو شتێك دەستی پێ کردووەتەوە:

ئێوارەی هەینییەکی هەتاهەتایی، خشە خشی هەناسەکانی (خانم)، کۆکەی بێ بڕانەوەی (ئاغا)، کۆکەی من، بێ دەنگی، مەرگ ... تەنانەت بۆنی قژەکانی لە سەر دیوارەکانەوە نێو قاپەکان، ئاوی ماسیەکان ناتوانێ دەرەقەتی مەرگی ئەم ماڵە گەورەیەبێ. بیرەوەری بێمانایە نەگریان، نە سەر کورتان بە سەر دیوارا.

## ئێستا نە، بەیانی دەمرم





هەموویان وائەزانن من مردووم، تەنانەت کرم و قالانچەکانیش. کرمەکان لە تەواوی جەستەمدا بۆ جێگایەکی نەرم و شل ئەگەڕێن. لەم ماڵە تەسك و تەنگە هیچ دەرەتانێ بۆ بزووتن نییە، جەستەم تەزیوە و وائەزانم ساڵەهایە ئاشنا بەم کرم و قالانچە سەگ بابەم، ساڵەهایە تەزیوم و تەنیا ئەتوانم بە پەنجەکانی پێم کرمەکان بتلێقێنمەوە.

من ئەوەندە قیژاندوومە و جنێوم داوە کە هەست دەکەم تەنانەت قالانچەکان سەریان کردووەتە نێو گەرووم و بە ئەسپایی دەنگم کورت و کورتتر ئەکەنەوە، من سێ رۆژ و سێ شەوە نەخەوتووم و دەترسم چاو لێکبنێم و ئیتر هەستانەوەم بۆ نەبێ.

ئەم خەڵکە سێ رۆژە لە سەر گڵکۆم شیوەن و واوەیلایانە، بە چەشنێك کە شەوانە کەسێك لە مێشکمدا دەملاوێنێتەوە، ئەوەندە بە سۆز کە جار و بار هەست ئەکەم بە راستی مردووم! کاتێ کە فرمێسك چاوانم تەڕ دەکا لە ناکاودا تریقەی پێکەنینم کرمەکان دەتارێنێ و لە تەواوی گۆڕستانا دەنگ ئەداتەوە:

«ـ بۆ کێ دەگری سەگ باب؟ تۆ هیشتا نەمردوویت!»

دیسان دەنگی شیوەن دێت، ئەهاها خۆیەتی، کەژێیە،دەزانم کەژێیە.

«ـ ئاخخخ کۆست کەوتوو خۆم! ئەبێ بە دوای تۆ چی بکەم؟ بەم منداڵە باوك مردووە چی بڵێم؟ تۆ بتهێشتایە لە دایك ببوایە ئینجا بڕۆیشتیتایە، ئۆففف ...»

« ـ هۆ کەژێ گوێ بگرە من هیشتا نەمردووم، گەر ئەم بنجە چەپەڵانە دەست لە بەرۆکم بەر بدەن دەتوانم بەرزتر هاوار کەم: بڕیارە بەیانی بمرم خوا خۆی ئەم بڕیارەی داناوە هۆ کە ... »

ئای دیسان ئەم رشانەوە چەپەڵە! تەمام بوو بڵێم ... نا ئیتر هیچ ناڵێم، دەنگم نابیسێ. من سێ رۆژە هاوار ئەکەم و خوێن هەڵدێنمەوە و کەژێ سێ رۆژە پرچەکانی چنگ لێ ئەدات و بە دەوری پەنجەکانیا دەیئاڵێنێ. دەزانم ئێستا ئەوەندە چنجەڕۆکە بە کوڵم و روومەتیا دەکرێنێ تاکوو خوێناوی دەکا.

من تەنانەت لە سەر تەتەشۆری مردووشۆرخانەکەوە هاوارم کرد: «نامەوێ بمشۆرنەوە.»

خۆم رەپ کردبوو. پیرەمێردی مردووشۆر چرچ کەوتە تەوێڵی. دەستەکانم هەڵهینا لە دەور ئەستۆیا ئاڵقەی کەم بیخنکێنم. مووچرکێك هات بە لەشیا و وتی: « ـ شەیتان چووەتە جەستەی!»

هاوارم کرد:

« ـ نا پیاوی قورمساق شەیتانی چی چوەوتە جەستەم؟! هێشتا ماوەیەك لە تەمەنم ماوە، جلەکانم بکەوە بەرم بڕۆمەوە بۆ ماڵ لە بەرچاوی ئەم هەموو خەڵکە رووتبوونەوە بۆ پیاوێك ناجۆرە.»

مردووشۆرخانە، مزگەوت و تەنانەت گۆڕستان لە هاوار و جنێوەکانم پڕ بوون، بەڵام کەس نەیدەبیست.





کەژێ، دایکم، خۆشکم و پوورم بە سەر و رووی خۆیانا دەیانکوتا و شیوەنیان بۆ دەکردم.

باوکم لە سووچێکەوە وەستابوو ئارام دەگریا.

سەرنجی «راگەیاندن»ەکەم دەدا و جنێوم بە فریشتەکان، بە مەلاکان، بە ئاسمان و هەمووی ئەو کەسانە دەدا کە دەنگیان نەدەبیستم.

ئەهاها ئەمجارە دایکمە، باش تێناگەم چی ئەڵێ؟ بێگومان ئەڵێ: « ـ کورە جوانەمەرگەکەم رۆ!»

دایکم سێ رۆژە هەر ئەوە ئەڵێ، گەر هاوار کەم ئەویش دەنگم نابیسێ و ئەم رشانەوە چەپەڵە دێتەوە بۆ گیانم، رشانەوەیەکی خوێناوی کە کفن و کرمەکان سوورتر دەکات.

گەر بتوانم دەستەکانم رزگار کەم و ئەم بەردە خاوەن مردووە هەڵتەکێنم.

□

ئێستا لە حەوتەیەکدا رۆژێك دێنە سەر گڵکۆکەم، کەژێ و دایکم وەکوو جاران، شیوەن ناکەن. تەنیا بە ئەسپایی فرمێسك ئەڕێژن. کەژێ هەرکات دێت کچێکی چکۆلە لە گەڵ خۆیا ئەهێنێ مووچڕکێك دەمگرێ و ئەڵێم: کچەکەم گەورە بووە و هێشتا چاوەڕوانی بەیانیم.

مێلوورەکان شتێکیان لە لەشم نەهێشتووە، ئێسکەکانم ئاوێتەی بنج و کرم و خاك بوون.

مردووەکانی ئەم گۆڕستانە هەموویان بە راستی مردوون، شەوانە دەنگی چرپە و پرخەی هیچ کامیان نابیسم.

هەموویان پێش ئەوە بۆ ناشتن بیانهێننە گۆڕستان مردوون. هەر کات دەنگی تێپەڕینی ڕێبوارێك دەبیسم ئیتر هاواری لێ ناکەم بمهێنێتە دەرێ، بنجەکان هەرچی زۆرتر ئەڕسکن، من هەناسەسوارتر ئەبم.

دوێنێ بۆ قالآوەکان پەیامم نارد کە بە خودا بڵێن من تاقەتی هیچ شتێکم نەماوە، پێم خۆشە زووتر بمرم ماوەیەکی زۆرە بە تەمای بەیانی دانیشتووم.

□

ئێستا کەژێ جاربەجارێك دێت، هەرکاتێکیش دێت کچێکی دیکە لە گەڵ خۆیدا ئەهینێ. دایکم ئیتر نایەت و کەژێ لە دایکم هیچ ناڵێ. من تەنانەت دەنگی خۆشم نابیسم. ڕەنگە کرمەکان لە گەڵ لەشما کات و ساتیشیان جوی بێ، ڕەنگە ئێستا بەیانی بێ، نازانم.

خەرمانانی ١٣٨١





## گڵۆپە زمان فامەکەی  پەریا

وەکوو هەمیشە ئەڵێ:

« ـ جوانترین سێکسی دونیا سێکس لە پەنای ئەم گڵۆپە سوورەیە.»

لەچکەکەم لائەبا، قژەکانم ئەکاتەوە، هێشتا تەڕە قژەکانم بۆنی جگەرەی لێدێ.

## « ـ پێم وتی پەریا چەندە عاشقی ئەم گڵۆپە سوورە بوو؟»

ئاوڕ ئەداتەوە، گەر گڵۆپەکە داگیرسێنێ پەریا نیوەرووتە و لە سەر بەردێکی قەراغ (ئەنزەلی) دا دانیشتووە بە بێزەوە سەیری بەچکە کیسەڵەکەی باوەشی ئەکا، پەریا هەموو جەستەی تەڕەو من تینوومە، زمانم نووساوەتە گەرومەوەو دەنگم دەر نایە

« ـ هەر کاممان مەیلی سێکسمان هەبوو پێش لە نووستن ئەو گڵۆپەمان دائەگیرساندو دوروست لە دوایی سێکسەکەدا ئەکوژایەوە.»

پێئەکەنێ، تاڵ و ترسناک وەکوو بۆنی جگەرەکەی، بۆنی قژەکانم. من پێکەنینم نایە، تینوومە لێوەکانم وشك هەڵگەڕاون، ئەزانم بە بزەیەك شەق شەق ئەبنەوە.





« ـ پەریا عاشقی ئەم گڵۆپە سوورە بوو.»

ماچم ئەکا، ئەمڕۆ ڕۆژێکی دیکەیە، وەکو جاران نیە، ئەنگوستی دە کێشێنێتە ژێری بڕۆم دا، ختوورە یەکی خۆش لەجەستەما سەما ئەکا.

« ـ پێی دەگوت: گڵۆپە زمان فامەکەی پەریا.»

ژنێك ـ ڕەنگە پەریا ـ لە دڵم دا جل ئەشوا، چەنگی لێ ئەدا، حەز ئەکەم بڕشێمەوە.

« ـ ئەیگوت: هەر شەوێ ئەم گڵۆپە داگیرسێنین خوا ئاواتەکانمان بەدی دێنێ.»

بەدەستەکانی لوولی قژەکانم خاو ئەکاتەوە، خاو نابنەوە، ئەم یارییە سەرخوشی ئەکا خوایە چەند جوانە! چەند منداڵە!

پێش لەوە ماچەکانی لە لێومەوە بخزێتە خوارەوە ئەپرسێ:

« ـ ڕاستی تۆش پێت خۆشە ئەم گڵۆپە داگیرسێنین؟»

کە دەستی لە نێو قژما دەردێنێ، دڵم توند توند لێئەدا، نازانم بۆ؟

« ـ ئاخ لە عنەتی! کارەبا بڕاوە، نە سووتاوە، ئەبێ لە تاریکی دابین.
زۆر سەیرە تا سەعاتێکی پێش...»

بە چپەوە ئەڵێم ئەمڕۆ زۆر جیاوازە ئەزانی؟ نە نازانێ، ئەو نازانێ چەند پێم خۆشە هیچ لۆپەسوورێکیتر...

« ـ زۆر سەیرە تا سەعاتێکی پێش ...»

ئیتر پەریا جل ناشوا.

ڕەشەمەی ١٣٨٤

## با ئەم چیرۆکە تا ئەبەد بێ ناو بێ

پێشکەشە بە هەموو خەتە مەوازییەکانی جیهان





هاها خەریکم ئەخنکێم، هەناسەم دەرنایەت، دەزانم سوور بوومەتەوە، نا شین و رەش بوومەتەوە. نینۆکەکانی وەکوو پەنجەی پڵنگ گەروویی گرتووم ئێستایە گەرووم کونکون بێت.

چی بڵێم تاکوو بەرم بات؟ بڵێم تۆ ئەو خودایە؟ نا لەم ساتا بڕوای بە هیچ نییە! بڵێم گیانی ئەو دوو چاوە ...؟

دەنگم نایەت، وەکوو سەگ ئەنووزێمەوە.

« ـ ئەتخنکێنم سەگباب!»

لە بەر چاوم دوو چاوی پڕ لە نەفرەت و بێ بەزەیی لێڵ ئەبێ، فرمێسکەکانم ئەبن بە دوو خەتی شۆڕ و لە ژێر چەناکەمدا ون ئەبن.

« ـ لەعنەتت لێ بێ کچێ، فرمێسکەکانیشت خەتی مەوازین.»

بەرم ئەدا، بە هەناسە سوارییەوە ئەکۆکم، خەتی فرمێسکەکانم تێکئەچێ.

خێرا پەرداخێکی ئاوم بۆ دێنێ:« ـ ها بیکە زەهرت!»

ئەو دوو خەتە ناسکە هەر هەموو پانتایی گۆناکانمی داگرتووە و تامی ئاوەکەی سوێر کردووە.

لە سووچێکی ژوورەکەوە ئەژنۆکانی دەگرێتە باوەش و دەستەکانی بە دەوریا ئاڵقە دەکات. کۆکە هەناوم ئەبڕێ. دڵی پڕ ئەبێت، پاڵ

ئەدەمە دیوارەکەوە با نەکەوم. نیگەرانی لە چاوەکانیا ئەبارێ بەڵام هێشتا تووڕەیە.

« ـ چیت ئەوێ ها ؟»

لە دڵ خۆما ئەڵێم: ئەمە پرسیارێکی کۆنە و بیری لێناکەمەوە.

« ـ وایە ئەزانم تۆش لەم پرسیارە ماندوویت بەڵام بۆ دواین جار وەڵامێکی دروستم بەرێ.»

«دواین جار»ە کە بە قورسییەکی وەحشەتناکەوە ئەڵێت، دڵم دائەخورپێ و ئەپاڕێمەوە:

« ـ بڕوانە ئەمجارەش ڕەحمم پێ بکە، دەرفەتێکی ترم بەرێ.»

گوێم لێ ناگرێ، سەر ڕائەوەشێنێ و قژەکانی ئاشوفتە ئەبێ:

« ـ نا نا نا قەت شتی وا نابێت. من تاقەتم نەماوە،ئەوەندە شەوانە بیری لێ ئەکەیتەوە و قسەی بۆ ئەکەیت، من شێت بووم.»

ڕاستە، شێت بووە، لە ئاوێنەدا جێی پەنجەکانی لە سەر گەرووما وەکوو چەند خەتی مەوازین کە ئەڕۆن و لە پشت ملمەوە نازانم چییان لێ دێت؟ ئەمجارەکەیتر بێ شك ئەمکوژێ!

« ـ تۆ ترسنۆکترین کچێکی کە تا ئێستا بینیومە.»

«ترسنۆك»ەکە بە قورسییەکی پڕ لە گاڵتەوە ئەڵێت.

قومێك لە ئاوەکە ئەخۆمەوە ئیتر سوێر نییە.

« ـ تۆ وائەزانیت ئەو کێیە؟ ها ؟»

« ـ گەر بە ڕاستی بمزانیبا بۆ ئەم چەند ساڵە . . . ؟»

« ـ تۆ لە هەمووی ئەو مرۆڤە تەنیا جووتێ چاوی هەنگوێنی و حەپەساوت جیا کردۆتەوە و کەسایەتییەك، کە خۆت خولقاندووتە !»





چاوەکانم ئەقووچێنم تا بەڵکوو بتوانم وەکوو هەمیشە ئەو «دوو چاوە هەنگوێنییە» وێنا کەم، نا، ناتوانم لە نێو کۆکە و فرمێسك و ئێشی جێی پەنجەکانی و تەنیایی و وەحشەتا ونی ئەکەم.

« ـ خانم، خانمەکەم.»

دێت و دەست ئەخاتە نێو قژەکانم، دووبارە چاو ئەقووچێنم. تەنیا بۆ تاوێك ... تاسەیم کردووە.

تێژیی نینۆکەکانی ئەکێشێ بە لۆچەکانی تەنیشتی چاوانما، ئینجا دەوراندەوری لێوم، ژێر بڕۆم، ختوورەیەکی بێ هێز و خۆش ئەخزێتە ژێر پێستمەوە، پێکەنینم دێت.

« ـ ئەی بە ساقەت بم بڕۆم؟ دە بخەوە با بڕۆم.»

نەك هەر چاوەکانی بەڵکوو دەستەکانیشی ئەدۆزمەوە. ئەو پەنجە پڕ لە خودا و باریکانە وا پۆپکەیان بەستبوو بە دەوری پەرداخێکی داخی چاییەوە.

خوێنی خۆشییەکی تازە ئەڕژێتە نێو دەمارەکانم، هەست ئەکەم ماسییەکم و لە نێو دونیایەکی ئاو گرتوودا مەلە ئەکەم.

« ـ ئەڕۆم و ئەڵێم: ئاغە ئەو کچە ساڵەهایە هەموو شەوێك ئەوەندە چاوەکانت، دەستەکانت هەمووی گیانت زیندوو ئەکاتەوە تاکوو خەو ئەیباتەوە. بەیانیانیش پێش لەوە چاو هەڵێنێ، دوبارە لە چاوەکانی تۆوە دەست پێ ئەکاتەوە.»

نەك هەر دەستەکانی بەڵکوو پێڵاوەکانیشی دێن، ئەو پێڵاوە بچکۆلانەی وا هەرگیز لە پێڵاوی زل و بۆگەنی پیاوانە نەئەچوون. لە

بیرم دێت دوایین جار کە دیتم، تەنانەت هەناسەی بۆیاخەکەشیم ئەبیست.

« ـ ئەڵێم وێنەی تۆئاغە، لە هەموو کەس، هەموو شت تەنانەت هەمووی دار و دیوار و دەفتەری ئەم دونیایە هەیە، کە ئەتبینێ، خۆ گێل ئەکا، هەڵدێ، نەکا زرمەی دڵی ببیسیت! ئەوەندە سەری داخ ئەبێت و دەستەکانی سارد ئەبنەوە کە ماڵی خۆشیان ون ئەکا!!»

قاقایەکی بەرز ئەکێشێ، وەکوو بەردێك کە لە شووشەیەکی ناسکت دابێ، هەموو دەست و پێڵاو و چاو و چاییەکەی ورد و خاش ئەبێ.

« ـ ئەو کاتەت لە بیرە خانم؟ دوای ماوەیەکی زۆر بینیت، تا هاتی بزانی خۆیەتی یان نا، دوور ببووەوە.»

« ـ دوور نەبووەوە، ونم کرد.»

« ـ با، ونت کرد. لەو رۆژەوە تا ئێستا چەند مانگە دیاری نییە؟»

« ـ هیچ. زەمەن بێ مانایە. هەمیشە وائەزانم تازە بینیومە، هەموو جارێك هەیە، دوور بێ یان نا، هەرهەیە، ساڵەهایە هەر وا پەنجەکانی ئاڵقە ئەکاتە دەوری ئەو پەرداخە داخە و گەرم نابێتەوە.»

« ـ ئەڵێم: ئاغە ئەو کچە ترسنۆکە هێشتا نازانێ ماڵت لە کوێیە؟»

« ـ با ئەمساڵیش بڕوا، ئەو زۆر سەرقاڵە دەزانم، هەمیشە لە نێو جانتاکەیا، گیرفانەکەیا بە شوێن شتێکا ئەگەڕێت و نایدۆزێتەوە. مێشکی ئەو کوڕە وەکوو ژێرزەوینی ماڵە کۆنەیە! هەموو ئەو شتانە وا خەڵك بیری لێئەکەنەوە، تیایەتی.»

« ـ رەنگە بمرێت و فریای نەکەویت!»





دیسان دڵم دائەخورپێ، نا مەرگ نا، کە بیر لە مەرگ ئەکەمەوە لەو دوو چاوە هەنگوێنییە دائەبڕێم، پێم وایە ئەو دوو خەتە مەوازییە لە نێو بۆشاییەکی دڵتەنگ و تاریکا بۆ هەمیشە لە یەك ئەبڕێن. نەك هەر بە یەك ناگەن، بەڵکوو هەرکام ئەکەونە دونیایەکی ترسناکەوە.

ئەدەمە ژێر پرمەی گریانا.

« ـ ئەی من چی بکەم ها؟ نە خۆت ئەڕۆیت و پێی ئەڵێی، نە ئەهیڵی من بڕۆمە خەونیەوە، نە زاتم هەیە قسە لە مەرگ کەم. کە تووڕەش ئەبم ئەوەندە ناسکی ... ئەی چی بکەم ها؟ بڕۆم بمرم رزگارم بێ ؟!»

« ـ نازانم، بەس ئەمە ئەزانم ئەو کوڕە زۆر سەرقاڵ و گەورەیە، زۆریش تەنیا،من هێشتا...»

« ـ تۆ هێشتا هیچ، تۆ ئەترسیت ئەزانی؟ هەمووی ئەمانە بیانووە. ئیتر هیچ شتێك مانای نەماوە، تەنیا ئەوەت بۆ ماوەتەوە شەوانە سەر کەیتە ژێر لێفەکەوە و ناوسکی من رەش کەیتەوە!»

بەزەییم پیا دێتەوە، دڵپڕ ئەڵێت:

« ـ خانم رەحمێ بکە، خەریکم ئەتوێمەوە و ئیتر هیچ دەفتەرێك ئەرکی باسی ئەو دونیایە، ئەو چاوانە، بەسەرهاتی ئەو دوو خەتە هەرگیز بەیەك نەگەیشتووە، لە سەرشان هەڵناگرێت. خۆت باش ئەزانی.»

« ـ دەبێ چی بڵێم ها؟ لە کوێوە دەست پێ بکەم؟ لەوکاتەوە کە هێشتا نەمبینیبوو، بەڵام ناوی لە مێشکمدا ئەسووڕایەوە؟ تا ئێستاش نازانم من ئەو ناوەم لە کام رۆژنامە و کتێبێکا، لە کام دونیادا

بیستووە؟ رەنگە لە دونیای پێش لە دایکبوونما، گەر ئاوەها دونیایەك هەبێ پێم وایە تەنیا ناوی ئەو کوڕەم تیا بیستووە و هیچیتر؟!

چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر؟ ئەو ناوە لە نێو کام لایەنی نەستی زەینمەوە بۆتەخۆڵەمێش؟ ها؟ چی بڵێم؟»

« ـ بۆ درکاندن پێویست بە دەستپێکردن نییە.»

« ـ لێم گەڕێ ئێستا نە.»

هەڵئەستێ و شەقێکی توند لە مێزەکە ئەدا. قەڵەمەکانی نێو قەڵەمدانەکە ئەڕژێتە سەر عەرز.

« ـ دە بڕۆ بمرە ترسەنۆکی قوڕ بەسەر، بەلاّم ئەمە بزانە هەر ئەمشەو کە خەوتی ئەڕۆمە خەونییەوە و هەموو شتێکی بۆ ئەگێڕمەوە. بەیانی یان هەرکات کە دیتت، ئیتر ناتوانی خۆت لەو دوو چاوە حەپەساوە داشاری. »

ئیتر نابیسم چی ئەڵێیت، چاوم بڕیوەتە هەندێك لەو قەڵەمانەی کە وەکوو سەربازێکی ژێر لە پاڵ یەکترا وەستاون. وەکوو چەند خەتی مەوازیی.

« ـ ئەمانە گاڵتە و یاریی نییە، ئەڵێم ئاغە بۆیە لە لایەن ئەو کچە ترسنۆکەوە ئەم رازە ئەدرکێنم چوونکە لە شتێك ئەترسم.»

فرمێسکەکانم تێك ئەچنەوە، ئەکەومە بیری ئەو ئێوارە دڵتەنگانە و پێڵۆوەکانم قورس ئەبن.

نا، نابێ بخەوم، ئەو شێتە، دەزانم گەر بخەوم ... جا چۆن دەرەقەتی ئەم هەموو حەقیقەتە بێم؟ چۆن ئەتوانم دووبارە سەیری ئەو دوو چاوە





حەپەساوە بکەم؟ چی بڵێم ها؟ بڵێم ئاغە ئەزانم ئەڵێیت «نا»، بەلاّم زووتر بڵێ من تاقەتم نەماوە، شێت بووم؟

رەنگە نەڵێیت «نا»، نە «نا» نە «با»، ئاە چۆن تاقەتی ئەو بێدەنگییەم هەبێ؟

رەنگە قاقا پێبکەنێ، پێناکەنێ، گەر واش بێ هەرخۆشیم ئەوێ. یان رەنگە سەرکاتەوە نێو جانتاکەی و بە شوێن ئەو شتە بگەڕێ وا هەرگیز نایدۆزێتەوە.

تۆ خوا ئەمشەو لێمگەڕێ، خەو خەریکە کوێرم ئەکا، با بەیانی، نا ساڵێکیتر، من ئەترسم، تۆ لە کوێیت؟

جۆزەردانی ١٣٨٤

## تکایە ئەم نەزمە تاڵە بگۆڕە





دەنگت ئەوەندە بەرزبوو کە قیژەی ماشێنەکەم نەبیست، تەنانەت نەمبیست کە نەسرین خانم تەماتەکانی لە دەستی داکەوت و روومەتی رنییەوە و هاواری کرد:

« ـ یاغەوس!»

پیاوەکان جنێویان بەشەوفێرەکە ئەدا، من نەمبیست، کە دەنگت بەرز بێ جنێوی هیچ پیاوێك نابیسم، نە شەریف، نە باوکم ... ئەو جنێوانە هەمیشە بۆ بێ دەنگییەکانی من لە دەنگی بەرزی تۆیە، نەمبیست کە کەسێ توند توند درگای ئەکوتا و هاواری ئەکرد:

« ـ خانم، وەرە دەرێ ماڵت کاول بوو!»

دەنگت ئەوەندە بەرز بوو باوان، نە قیژەی چەرخەکانی ماشێنەکە، نە قیژەی کچێك، نە بووکەڵەکەی، نە نەسرین خانم و تەماتەکانی ...

دەنگی کلاشەکانی ئەبیسم، هێورهێور لە پیلکانەکان سەر ئەکەوێ، پلیکانەکان ئەوەندە زۆرنین وا چەند جار رائەوەستێ و هەناسە سوار ئەبێ! ئەڵێی لەم یەك مانگە ئەویش پیر بووەو نەمزانیوە! چاو لە چاوەکانت هەڵئەگرم و بێ دەنگت ئەکەم.

هەوڵ ئەدەم سلاو کەم وەکوو ئەزمە توندەکەی جارانت بێ.

« ـ سڵاو»

« ـ ئەمڕۆ کەس سەردانی نەکردین؟»

« ـ هیچ کەس»

نازانێ وڵامی زەنگی تەلەفوون و درگا نادەمەوە، چۆن ئەو ژنە ڕەشپۆشانە کەدێن نەزمەکەت بگۆڕن، نەك هەر نایگۆڕن بەڵکوو خاوتری ئەکەنەوە.

هەست ئەکەم لەم نەزمە خاوەت نەك سی ڕۆژە بەڵکوو سی ساڵ پیرتر بووم تەماشام کە.

« ـ تا سفرەکە ڕاخەی با تۆزێ ڕاکشێم باشە؟»

چاوەڕانی وڵامم نییە، ئەڕواتە نێو ژوورەکەی درگاکا توند ئەداتەوە.

دەردی ئەم نەزمە مەرگاوییەی تۆ و مەرگی پێکەنینەکانی ئەو کچە، کەم نییە وا درۆکانی شەریفیش پێ زیاد ئەبێ؟!

من کە درۆ ئەڵێم، هەروەکوو خۆمم بەڵام شەریف لەو کاتە چرچەکانی لاجانگی وەکوو هی تۆنین.

نا، ناخەوێ، ئەزانم وەکوو هەمیشە تماشای ناو جانتای قوتابخانەکەی، ئەکا و بەدیتنەوەی ئەو نمرەکەم گەلە، زللـە بێ بەزەییەکانی خۆی دێتە وە یاد:

« ـ ئەبێ، ئەبێ، ئەبێ ببی بە دوکتۆر کچێ تێئەگەی؟ نا، تێناگەی چۆن وەکوو منداڵانی خەڵك دەرس ناخوێنی.»

ئاه باوان! ئەو بەستەزمانە دڵی پڕ ئە بوو بەڵام نەمەوێرا هیچ بڵێم چون ئەو کاتەش کە پیوازەکانی نێو چێشتەکەی بەبێزەوە





جیائەکردەوە و نەیئەخوارد و شەڕێکم پێ ئەفرۆشت، شەریف هیچی نەئەگوت.

شەریف هەمیشە بەتامەزرۆییەکی منداڵانەوە ئەو بەشە پیوازەی پارو ئەکردو بە یەکجارە ئەیخوارد و پێئەکەنی.

هێشتا بەشێکی زیادی لە سووچێکی سفرەکە، دائەنێم. پێش لەوە خواردن دەست پێبکەم، پیوازەکانی ئەو بەشە زیادییە جیا ئەکەمەوە و شەریف هەر بەو تامەزرۆوە جارانەی ئەیکاتە پارویەك بەڵام ئێتر پێکەنینەکەی لە یاد ئەچێ.

لە پەناما دائەنیشێ و نازم ئەکێشێ، دەست دێنێت بە گۆناکانما، ئەزانم مووی دەموچاوم ئەنگوستەکانی ختکێ ئەدا، ئەنگوستی ئەکێشنێتە ژێری برۆمدا، پێناکەنێ هیچ، بزەیەکیش لەسەر لێویەوە نییە، گەرپێکەنیبای چاوم ئەکردەوەو ئەو چرچانەی لاجانگیم ئەژماردەوە، کەچی چەند چرچی پێ زیاد بووە بەڵام بێ گومان نەك هەر نەزمە خاوەکەت بەڵکوو شپرزی و شڵەژاوی ئەم ڕۆژانەشم لە بیر ئەبردەوە.

« ـ خانم، هەست ئەکەم ئەم کراسە لە بەرت خڕ بووەتەوە، قەت خۆت لە ئاوێنەدا دیتووە؟ »

نازانم بۆ چی ئەکەومە بیری کراسە شۆڕەکانی دایکم وا بە دزییەوە لە بەرم ئەکردن، دەسماڵی کۆنم هەڵئەگلۆفاند و دوومەمکی قوتم دروست ئەکرد، ئینجا پێڵاوەکانی پوورشیم ئەدزی.

لە بەر ئاوێنە کەدا ئەوەندە هەڵئەپەڕیم کە تۆ ماندوو ئەبووی، پێش لەوە نەزمە کە بگۆڕی دووپاتتم ئەکردەوەو لە سەرەتاوە ... لە یادم نایە چەندە شریتم لەکار خستبێ. باوکم ئەیگوت:

« ـ ئەزانم ئەم کچە پێش پیر بوون شێت ئەبێ!»

باوکم هیچ دەنگێکی لە ژیان دانەناسی و لە ترسی پیریدا مرد.

« ـ چراکان هەڵکە خانم، ئێرە زۆر تاریکە دڵم خەریکە ئەتۆقێ.»

نەزمەکانی ئەو تەمەنەم چەند توند ڕۆیشتن، تۆ هەڵت کرد و من فریا نەکەوتم گەڕیانێك بڕۆم.

تا لام کردەوە کراسەکانی دایکیشم بچووك بوونەوە، بڕوا بە سکاڵام ناکەی؟ بۆ وا سەیرم ئەکەی؟ ساڵە هایە لەو سووچەیی، نە پیر ئەبی نە کراسەکانت بچووك ئەبنەوە، تەنیا نەزمەکانت ئەگۆڕی، بریا ئەم نەزمەشت ئەگۆڕا.

« ـ شەریف، هەست ئەکەم کچێك لە بەر ئاوێنەکەدا کراسی بووکێنییەکانمی لە بەر کردووەو بەدەستێکی چۆپی ئەکێشێ و بە دەستێکی دیکەی بووکەڵەکەی لە ئامێز گرتووە. زرمە زرمی دەبیسی؟ دەبیسی شەریف؟»

« ـ ئارام بە خانم،ئەرێ ئەزانم هەڵئەپەڕێ تۆ جارێ ئارام بە، ئەم حەبانە بخۆ و بخەوە»

« ـ خەوم نایە، ئەزانم بۆ هەموو نەزمەکانت ئەو کچە چیرۆکێکی تایبەتی لە مێشکیدا دروست کردووە. گەر دەرفەت بدەی چرچەکانی لاجانگت بژمێرم، ئەو چیرۆکانەش دێنەوە یادم، پێبکەنە با بیانژمێرم.»





شەریف ئاوڕ ئەداتەوەو تەماشات ئەکا، تۆ هێشتا پێئەکەنی، ساڵە هایە هەروا پێئەکەنی و من لە ژماردنی ئەو چرچانە نابمەوە.

« ـ ئەم حەبانە بخۆ، باشە؟ مەگری خانم، بەیانی دوکتۆرێکی باشتر ئەدۆزینەوە »

« ـ شەریف من نەفرەتم لەو ژنە ڕەشپۆشانەیە کە بۆ ئارام کردنەوەی شیوەنەکانم ئەڵێن:

« ـ خۆزگە بە خۆی، لانی کەم، بەبێ گوناحییەوە چووە دەرگانەی خوداوە !»

« ـ شەریف گوناح لە کێ بوو؟ لە تۆ یا لە من؟ لەو شەوفێرە یا ئەو چێشتە بێتامە لەعنەتییە؟

پێم سەیرە! هەرگیز خوێ لە ماڵم نەئەبڕا! ئەبوا بمزانیبای دەرس ئەنووسێ و نابێ ... یا خوا کوێر بم بۆ خۆم نەڕۆیشتم؟ ترسام ئەو چێشتە لەعنەتییە بەجێ بێڵم و بڕوا»

« ـ گوناحی کەس نەبوو، قسمەت وا بوو، هەموومان ڕۆژێ ...»

دەنگی ئەلەرزێ، خێرا هەڵئەستێ و لەبەر پەنجەرەکەدا سەیری دەرەوە ئەکا، ئەزانم شەقام و ماشێنەکان تەڕ ئەبینێ. قوڵپی گریان ناهێڵێ قسەکەی دوایی بێنێ خوم دوایی دێنم:

« ـ هەموومان ڕۆژێ لە هەڵپەڕکێ ئەکەوین»

شانەکانی لە پشتەوە ئەلەرزێن، وەکوو من کە بە دزییەوە مەمکم ئەخرمە سەر زاری سارد و سفتی بووکەڵەکەی و ئەشزانم ئاوێنەکە ئاگای لە لەرزینی شانەکانم هەیە!

لە دەرگا ئەدەن،خێرا چراکان ئە کوژێنمەوە ئەزانم ئەو ژنە رەشپۆشانەن و هاتوون ئارامم کەنەوە. من ئارامم، ئارام چۆن هێشتا لەم نەزمە مەرگاوییەش خۆشم ئەویێ و لەم شەوە ئەنگوستەچاوە رووناکییەکی بێ گیانم بۆ ماوەتەوە کە بانگم ئەکەن.

لەم رووناکییە بێ هێزەدا سەیری روومەتی ئەکەم. ئاە چەندە لە تۆ دەکا! ئاخۆ بیر لەچ دەنگێك ئەکاتەوە؟! سەیرکە باوان جگەرەکێشانەکەشی وەکوو هی تۆیە، بۆ چی ئەم هەموو ساڵە تێنەگەیشتبووم؟

لە دەرگا ئەدەن، ئە کەومەبیری کچێك کە بە جلی بوو کێنییەکانمەوە ئەچێتە بەر دەرگای خودا

« ـ شەریف، ئاخۆ دەرگای خودا چ رەنگێکە؟! »

زەردە خەنەیەك لەسەر لێویەوە ئەنیشێ. پێشنەکەنێ هەر تۆیە، سییەکانم پڕدەکەم لە بۆنی جگەرەکەی، چەند بۆنێکی تازەیە! جاران لەم جگەرەی نەدەکێشا ئاە تکایە بڵێ تۆ شەریفی یا ئەو تۆیە؟ تەنانەت تامی لێوەکانیشی گۆڕاون.

جگەرەکەت لە نیوە دائەکوژێنیتەوە. دەستەکانت ئاڵقە دەکەیتە دەوری کەمەرم، بڕوا ناکەم، ئێستا ئەو ساتە بەختەوەرەیە کە لە خەبەرێ دا وێنام ئەکرد و لە خولیادا ئەمبینی.

« ـ تکایە نەزمەکەت بگۆڕەباوان، زۆر تاڵە، نەك هەر هەڵپەڕکێم بۆ نایە، بەڵکوو لێشی ئەترسم! »

**گەلاوێژ ١٣٨٥**

## لە چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | نوسینی | وەرگێڕانی |
|---|---|---|
| ١- فریوو خۆحەشاردان | عەتا محەمەد | |
| ٢- ئایین (هزر سیاسەت) | چەند نوسەرێك | یاسین عومەر |
| ٣-بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | ساموێل هانتینگتۆن | ئاوات ئەحمەد |
| ٤- سوەیلا | شارام قەوامی | |
| ٥-رۆژی هاتنەکەی عودەی | ئاوات عەبدوڵڵا | |
| ٦-سیماکانی عەقڵانیەت و | فالح عەبدولجەبار | ئاوات ئەحمەد |
| ٧- وەنەوشەکەی چوارشەممان | | شیرین.ك |
| ٨- نەبەهەشت لەسەر زەویدایە و | | ئومێد عوسمان |
| ٩-فیمینیزم | | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠-لە روانگەی خۆرئاواوە | | ئومێد عوسمان |
| ١١- منداڵباز | فەرهاد پیربال | |
| ١٢-کیمیاگەرانی وشە | چەند نوسەرێك | یاسین عومەر |
| ١٣-گوزارشتی مۆسیقا | د. فوئاد زەکەریا | حەمە کەریم عارف |
| ١٤-خەمەکانی رۆشنگەری | هاشم ساڵح | ئاوات ئەحمەد |

**نرخ(٢٠٠٠)دینار**